منتدى إقرأ الثقافي

ڕێبازی «خێرالقرون»

شرح أصول السنة للحميدي

لە سالّی (٢١٩ی کۆچی) وەفاتی کردووە

نووسینی

کاروان کەمال کوردی

کتێبخانەی ڕێکار

www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

ریازی «خَیْرُ القُرُون»

شَرْحُ أُصُولِ السُّنَّةِ لِلْحُمَيْدِيِّ

کتێبخانەی ڕێکار

ناونیشان : هەولێر - فلکەی شێخ محمود -
باڵەخانەی سەید بهاء الدین - نهۆمی خوارەوە

ژ.م ٥٧٦٧ ٤٧٥ ٠٧٥٠

ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتووک : ڕێبازی خیرالقرون شرح أُصول السُّنَّة الحُمیدیّ.

نووسینی : کاروان کەمال کوردی

پێداچونەوە: هەندرێن هەژار نەحاڕ

نەخشەسازی بەرگ: إخلاص دیزاین

تیراژ : ١٠٠٠ دانە.

سایز : ١٧*٢٤

لاپەڕە : ١٥٤ لاپەڕە

تورە و ساڵی چاپ : یەکەم، ١٤٤٥- ٢٠٢٣ میلادی.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە « ٩٠٢ »ی ساڵی « ٢٠٢٣»ی پێ دراوە.

ڕێبازی «خێرالقرون»

شرح أصول السنة للحميدي

نووسین

کاروان کەمال کوردی

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

إن الحمد لله تعالى، نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله تعالى من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله صلى الله عليه وعلى آله وصحبه وسلم.

أما بعد: فإن أصدق الحديث كتاب الله تعالى، وخير الهدي هدي محمد صلى الله عليه وسلم، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة،

گەڕانەوە بۆ ڕێبازی پێشینە چاکەکانی ئوممەت، واتای گەڕانەوەیە بۆ باوەشی زانست و زوهد و، تەقواو هەموو لایەنەکانی دیکەی دین ، پێویستە لەسەر موسڵمان وریا بێ، بە تایبەت ئێستا کە سەردەمی فیتنەیە دۆزینەوەی حەق زۆر ئەستەم بووە بەهۆی زۆربون و لەدایکبونی گروپە گومڕاکان ، سەلامەتترین موسڵمان نزیکترینە لەمەنهەجی پاکی سەلەف ، بەپێچەوانەوە تاچەند بێ ئاگا و دوور بیت لێیان زۆر زیاتر وێڵ و ونی ،

ناتوانی بە ئاسانی حەق بدۆزیەوە ، باشترینی موسڵمانان ئەوانەن کە لە ئێستادا شوێنکەوتەی مەنهەجی پاکی سەلەفن ، لەوان باشتریش ئەوانەن کەوا ئەو مەنهەجە پاکە دەناسێنن و زیندووی دەکەنەوە بۆ خوێنەر و موسڵمان.

یەکێک لە نامیلکە گرنگەکانی بیروباوەڕی سەلەفی ئوممەت بە ناوی (**أصول السنة**) ـی پێشەوا (**الحميدي**)یە؛ کە شێخی "بوخاری" یە ، نابێ موسڵمان ساویلکەبێ و بڵێ: باسەکانی "قورئان مەخلوقە و، ئیمان زیاد و کەم دەکات و، مورجیئە و قەدەر و قەدەرییەکان" سوودی چییە !

نەخێر، بەڵکو بە وردبونەوە لێی تێدەگەی، گەر پێشەوایانی سەلەف بۆ بابەتێکی وەکو "ئیرجاء ، مورجیئە ، خەوارج و ئیمان" دەیان کتێبیان نووسی بێت، ئەی چی دەبوو گەر ئێستا بووایە ؟ هەروەها بنەماکان تا مردن هەندێکی نەگۆڕن، تێدەگەی کەوا کۆدەنگی سەلەف لەسەر ئەوەیە هەریەک بڵێ: بە فڵان تاوانی گەورە کافر دەبی؛ ئەوا خەواریجە و پێچەوانەی بیروباوەڕی سەلەفی ئوممەتە.

چونکە بە (ئیجماع)کۆدەنگ ئەهلی قیبلە بە تاوان تەکفیر ناکرێن .

به وردبونەوەت لەو نامیلکە بیروباوەڕییانە؛ تێدەگەی بنەمای ئەهلی سوننە لەسەر ئەوەیە کە هەرکەسێک بەرزبونەوەی اللە بۆ سەر عەرش ڕەت بکاتەوە و، سیفاتەکان تەئویل بکات یان پەکی بخات و، شوێن بۆ اللە بڕیار نەدات، ئەوا تێدەگەین کە جەهمییە و لایداوە لە ئەسڵ و بنەمای مەنهەجی سەلەف لەو بارەوە.

هەموو ئەو گروپانەی کە ئەوکات لەدایکبون؛ ئێستاش نەوەکانیان ماون و تێدەکۆشن لە پێناو مەنهەجی گومڕایی کۆنی باوانیانەوە .

واتە؛ هەموو ئەوانە بنەمان بەخوێنەر دەڵێن : گەر لەهەر کات و سات و سەردەمێک بوویت، دەبێ بیروباوەڕت بەو شێوە بێ و نەگۆڕێیت بە گۆڕانی دەوربەرو بە بیانوی فیقهی واقع.

داواکارم اللە عزوجل بمانخاتە سەر ڕێچکە و ڕێبازی پاکی سەلەفی سالِح و، بەردەوامان بکات لەسەری و لانەدەین لێی .

بەندەی گوناهبار

کاروان کەمال کوردی

چۆن ڕێگامان لێ ون نەبێت ؟

ئەمە پرسیارێکە زۆرینەی خەڵک دەیکەن و دەیپرسن، هەوڵی زانینی وەڵامەکەی دەدەن، لە وەڵامیاندا دەڵێم:

باشترین هۆکار و، باشترین چرا کە هەڵی بکەیت لەم سەردەمی فیتنەیە گەڕانەوەتە بۆ ڕێبازی بیروباوەڕی پێشینە چاکەکانی سەلەفی ئوممەت، هەروەها ناسینیان و شارەزابوون لە ژیان و بیروباوەڕیان ، بێگومان کەسانێک هەن دەڵێن : ئێمە تەنها شوێن قورئان و سوننەت دەکەوین، شوێن فڵان و فیسار ناکەوین؛ چونکە سەرمان لێ دەشێوێ، ئەم قسەیە سەرلەبەری بە ڕووی خاوەنەکەی دادەدرێتەوە، چونکە بە شایەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەوان باشترینەکانی ئوممەت بوون ، کێ وەکو ئەوان "باشتر و چاکتر و جوانتر" لە قورئان و فەرموودە تێگەیشتبوو؛ بێگومان هیچ کەس ، بۆیە دەبێ ئێمە تەنها شوێنکەوتەی تێگەیشتنی ئەوان بین ، نەك تێگەیشتنی خۆمان.

بۆیە ئەوانەی لێم دەپرسن (**خير القرون**) کێیە ؟ بەکێ دەڵێن ؟

لە وەڵامی ئەو داواکارییانەی خوێنەر بەڕێز دەڵێم:

ئەوە بزانن ڕەحمەتی الله تعالی بڕژێ بەسەرتان، سەلەف زۆرێک لە کتێب و نامیلکەکانیان لە پێناو داواکاری کەسانی دەوروبەریان بووە ، نەک دەوروبەر نەزان بن؛ بەڵکو بۆئەوەی زیاتر لایان ڕوون بێت ، وەک نامیلکەی "شرح السنة للمزني" کە لە پێشەکییەکەدا ئاماژەی پێ دەدات، بۆیە ڕەددی جەهمییەکان لەلایەن پێشەوایانی سەلەف زۆرینەی لەم پێناوە بووە ، منیش لەم پێناوە بۆ خوێنەری خەمخۆری دین و، ئەوانەی تامەزرۆی فێربوون و زانینن دەنووسم، بۆئەوەی تێبگەن و پێبگەن ، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت کەمێک لە سەر "سێ" باشترین سەدەکانی مێژووی ئیسلام بزانێت ، چونکە ئەوان چرای ڕێگای هەموو سەدەکانی ترن، بە گەڕانەوەت بۆ سەر ڕێبازی ئەوان زیاتر و زۆرتر نزیکتر دەبیتەوە لە حەق ، بەپێچەوانەوە دوورکەوتنەوەت لەوان دەبێتە دوورکەوتنەوە لە حەق ، بە بەڵگەی فەرموودەی (هیچ سەردەمێک نییە مەگەر ئەوەی دوای ئەو زۆر خەراپترە لەو). کەواتە سااڵ دوای سااڵ و سەدە دوای سەدە ئێمە خەراپتر و خەراپتر بووین ، تاوەکو ئەوەی ئەمڕۆ کە دەیبینن خەراپترین

سەدە و سەردەمی مێژووی ئیسلام کە خۆری بەسەردا هەڵاتبێ ئێستایە ، پێویستە تۆی خوێنەری بەڕێز لەوە بگەیت؛ ئامانجی من بۆ ئەوە نییە تاوەکو کەسەکانت لا پیرۆز و گەورە بکەم ، چونکە تێکڕایی ئەو زانا و پێشەوا و، پێشەنگ و ئیمامانەی کەوا باسیان دەکەم بۆتان؛ هیچ یەکێکیان بەخەڵکی نەگوتوە شوێن من یان فلان کەس بکەون ؛ بەڵکو بەپێچەوانەوە هانی خەڵک و قوتابییەکانی خۆیان داوە بەوەی لاسایی هیچ کەس نەکەنەوە، وەك وتە بەناوبانگەکەی ئیمام ئەحمد کە دەڵێت : (**لا تقلدني ولا تقلد مالكاً ولا الشافعي ولا الأوزاعي ولا الثوري، وخذ من حيث أخذوا**)، تەنانەت فەرموودەی لاوازیان زۆر لە ڕەئی و بۆچوون پێ باشتر بووە ، بەڵام ئەوەش واتای ئەوە نییە هەریەکەو لەئاست خۆیەوە ببێتە موفتی و فەتوا بدات، چۆنی بوێت بە پێی عەقڵی خۆی دین وەربگرێ؛ نەخێر نابێت، بەڵام دەبێ لە ئەهلی عیلم بپرسیت، چونکە اللە سبحان وتعالی پێمان دەفەرموێ:

(فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لا تَعلمونَ) (النحل:٤٣)، کە لەبارەی ئەم ئایەتەوە هەندێک دەڵێن: واتا ئەهلی تەورات و ئینجیل، هەندێکی تر دەڵێن: قورئان و هەندێکی تر فوقەهاء ، لە هەموو حاڵەتەکان گەڕانەوەیە

بۆ ئەهلی شارەزا لە دی، گەرنا تێ دەچین بەرەو گومڕایی ، هەروەها بە بەڵگەی فەرموودە کەوا (**عیلم** واتە **عیلماء**) ڕەسولی سەردار صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ (خوای بەرز وبڵند ڕاستەوخۆ زانست لە خەڵك ناگرێتەوە، بەڵکو زانایان لەناویان ناهێڵێت تاوەکو خەڵک کەسانی نەفام و نەزان دەکەنە پێشەوا و پرسیاریان لێدەکەن، ئەوانیش بێ زانست و عیلم وەڵام دەدەنەوە، بەمەش خۆیان و خەڵکیش گومڕا دەکەن).

کەواتە (زانا) واتە (عیلم) .

لە فەرموودەیەکیتر هاتووە (**العلماء ورثة الأنبياء**)، بەڵام لە ڕووی سەنەدەوە لاوازە، ئەگەرچی ئیمام البخاري لە (كتاب العلم) بە "معلق"

هێناویەتی، هەریەک لە "أبو داود و الترمذي" بەهەمان شێوە ، ئەگەر لاوازیش بێت ئەصلێکی هەیە لە ڕیوایەتی تر ، بۆیە ئیمام بخاري لە کتابی العیلم هێناویەتی، کەواتە بەپێی هەموو بەڵگەکان عیلم واتە دین، دینیش لە ئەهلی عیلم کۆبۆتەوە ، باشترین وچاکترین وپاکترین ئەهلی "عیلم" یش بریتین لە (**خير القرون**)، کەواتە لەپێناو عیلم و دین پێویستە تۆی خوێنەر بیاناسیت و، بزانیت کێن و کێ نەبوون.

چینی یەکەم (هاوەڵان)

لە فەرموودەی صەحیح هاتووە بەمشێوە:

عَنْ عَبْدِ الله بن مسعود "، عَنِ النَّبِيِّ ! قَالَ: (خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ). مسلم .

لە "**عبدالله بن مسعود**"ەوە دەڵێت رسول الله ﷺ فەرمووی: باشترین و چاکترین سەدە سەردەمی منە، ئنجا دوای ئەو ، ئنجا دوای ئەو.

هەروەها لە **عمران بن حصين** ەوە گوتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (خير أمتي قرني، ثم الذي يلونهم، ثم الذين يلونهم). قال عمران: فلا أدري أذكر بعد قرنه قرنين أو ثلاثًا .

عمران بن حصين دەڵێ: رسول الله ﷺ فەرمووی: چاکترینی خەڵک سەردەمی منە، ئنجا دوای ئەو ، دوای ئەو.

جا "عمران" دەڵێ: نازانم دوای سەدەی خۆی "دوو سەدەی تری گوت یان سێ سەدە".

یەکەم سەدە و سەردەم سەدەی هاوەڵان بوو،واتە ئەو سەردەمەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خۆی تێیدا بووە تاوەکو وەفاتی کردووە، پاشان دوای وەفاتی تاوەکو کۆتا چین و کەس لەنێو هاوەڵاندا ئەم سەدەیە دەگرێتەوە.

دواتر سەدەی (**التابعين**) و دواتر سەدەی (**أتباع التابعين**) دێت، واتە: چینی دوای هاوەڵان و دوای ئەوان.

ئەمانە ئەم سێ چینەن کە رسول الله ﷺ شایەتی چاکی بۆ داون.

هەروەها خوای تعالى لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت:

{وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ۚ ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (١٠٠) } التوبة.

(بەشێک لە ناوی هاوەڵە بەڕێزەکان، یان زانایانی نێو هاوەڵان)

"أبو بكر الصديق ، عمر بن الخطاب ، عثمان بن عفان ، علي بن أبي طالب" الله له هەر چواریان ڕازی بوو. واته (خلفاء الراشدين)ن. هەروەها فەرموودەش هەیە لە رسول الله ﷺ ەوە: (**عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين**) رواه أبو داود في سننه.

ئیمامی أبوبکر تەنیا دووساڵ دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ مایەوە. دواتر عومەری کوڕی خەتاب زیاتر لە دە ساڵ خەلافەتی کرد و، زۆرترین فتوحاتیش لەسەردەمی ئەودا ڕوویدا. دواتر شەهیدکرا و، عثمان بن العفان هاتە سەر حوکم. ئەمیش ساڵانێکی زۆر خەلافەتی کرد و، دواتر شەهیدکرا، شەهیدبوونی ئیمامی عثمان گەورەترین فیتنەی نێو مێژووی ئیسلامی هەڵقووڵاند ، تا بووە هۆی دابەشبونی هاوەڵان بەسەر دوو بەرەدا، بەرەی معاوية بن أبي سفيان و دایکمان عائیشة ، هەروەها بەرەی ئیمامی علي و عمار بن یاسر؛ تاوای لێهات چەندان شەڕی خوێناوی

لەنێوانیان دروست بوو. هەر بۆیە رسول الله ﷺ بە یەکێک لە فیتنە گەورەکان و یەکێک لە نیشانەکانی پێش قیامەت وەسفی کرد.

ئینجا (ئەوانەی ماون لە عشرة المبشرة)وە، ئەو چوار خەلیفە لە ڕێزبەندی دە موژدە پێدراوەکانن ، بەڵام ڕاستتر وایە بڵێین: ئەهلی ڕاوێژپێکردن لەدوای ئەوان بریتیبوون لە:

(**سعد بن أبي وقاص ، الزبير بن العوام ، عبدالرحمن بن عوف ، أبو عبيدة بن الجراح**) ئەمانە ئەهلی شورا بوون، الله لە هەموویان ڕازی بێت.

ئینجا هەر لەنێو هاوەڵان (قرآنەکان _ قورئانخوێنەکان) چوار بوون، کە لە فەرموودەی صەحیح موسلیمدا هاتووە رسول الله صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (**خذوا القرآن من أربع عبدالله بن مسعود، سالم مولى أبي حذيفة، أبى بن كعب، زيد بن الثابت**). ئەو چوار هاوەڵە بەڕێزە رسول الله تایبەتی کردوون؛ بۆیە تاوەکو ئەوان لەژیاندا بوون زیرەکترینی نێو هاوەڵان بوون لەو بوارەدا، بە تایبەت (**أبن مسعود**) رضي الله عنه کە یەکێکە لە زاناترینی نێو هاوەڵان بە قورئان، تەنانەت لە صەحیحی

بوخاری و موسلیمدا هاتووە خۆی دەڵێت: (هاوڕێیانم دەزانن کە من شارەزاترینم بە قورئان، گەر بزانم یەکێک هەبێت لە من شارەزاتر ئەوا دەچمە خزمەتی، ئینجا لە ساڵی(**٣٠** یەکانی) هیجری وەفاتی کردووە.

هەروەها (**عبدالله بن عباس**) کە بە (حبر البحر) ناسراو بوو بەهۆی بەرەکەتی دوعای پێغەمبەر ﷺ بۆی: (**اللهم عيلمه الكتاب، يان اللهم فقه في الدين وعيلمه التأويل**).

بۆیە عبدالله بن مسعود کاتێ لەژیان بوو دەیگوتە ابن عباس (**نعمة ترجمان القرآن**)، واتە؛ لە تەفسیر وێنەی نەبووە ، بۆیە بەشێک لە پێشەوایانی سەلەف پێش ابن مسعود ی دەخەن بەهۆی ئەوەی (٣٠) ساڵ زیاتر دوای ابن مسعود وەفاتی کردووە، یەک لەوانە ئیمامی ئەحمد.

دواتر فوقەها و زانایانی نێو (صغار الصحابة _ هاوەڵە بچووکەکان)، وەک:

(**عبدالله بن عمر ، عبدالله بن الزبير ، أنس بن مالک**). ئەمانە بەشێکن لە عیلم و زانست لە ئایینی ئیسلامدا .

هەروەها حافظ ترین هاوەڵ ئەبو هريرة رضى الله عنه بووە ، گەرچی لە سالّی فەتحی خەیبەر دا موسڵمان بوو، واتە بەماوەیەکی کەم لە خزمەت ڕەسولی سەروەر صلى الله عليه وسلم زۆرترین فەرموودەی لەبەرکرد، زۆرترینشینی لێوە گێڕاوە، ئەگەرچی ڕووبەڕووی گلەیی هاوەڵە بەڕێزەکانی تر بۆتەوە بەوەی زۆر فەرموودە باس دەکات ، چونکە هاوەڵان بەهۆی ترسیان لە فەرموودەی (**من كذب علي متعمدا** ...) فەرموودەیان نەدەگێڕاوە، کە لە کتابی (الجرح والتعديل) دا بە وردی باسی ئەو خاڵەم کردووە.

دواتر(**عبدالله بن عمرو ، جابر بن عبدالله ، أبو سعيد الخدري**) یە. هەروەها هەریەک لە "عبدالله بن عمر و جابر بن عبدالله و ئەبو سعید الخدری و عبدالله بن عباس"، ئەمانە لە ساڵەکانی حەفتای هیجری وەفاتیان کردووە. هەروەها دایکمان (**عائيشة**) الله لە خۆی و باوکی ڕازی بێت؛ کە ڕازیش بوو، بەشێکە لە عیلم لە دیندا، تەنانەت زۆرینەی زۆری هاوەڵان بە گەورە و بچووکەوە دەچوون پرسیاریان لە عائیشە دەکرد.

جگه لەوانەی سەرەوە کە بە ڕیزبەندی پێدا هاتم، کۆمەڵێکی تری هاوەڵی بەڕێز هەبوون کەوا ئیمام و پێشەوا بوون، خاوەن عیلم بوون؛ کە هەندێکیان لە السابقین بوون و هەندێکیشیان دوای ئەوان، جا ئەوانیش هەریەك لە:

"زيد بن ثابت ، أبو الدرداء، عبادة بن الصامت، أبو موسى الأشعري، عمران بن حصين، عمار بن ياسر، حذيفة بن اليمان، عقبة بن عامر الجهني، سلمان، حذيفة بن أسيد الغفاري، أبو أمامة صدي بن عجلان، جندب بن عبد الله، أبو مسعود عقبة بن عمرو ، عمير بن حبيب بن خماشة، أبو الطفيل عامر بن واثلة و أم سلمة " رضي الله عنهم أجمعين.

ئەمە کورتەیەک بوو لە زانا و داناکانی نێو هاوەڵان؛ نەك باشترین و چاکترین، چونکە دەیان پلە بەرزی هاوەڵان هەبوون کەوا کەمتر قسەیان لە دیندا کردووە.

چینی دووەم و سێیەم سەدەی التابعین
(تابعي مؤمن)

ئەو چینەیە کەوا رسول الله صلى الله عليه وسلم شایەتی چاکی بۆیان داوە، واتە چینێکن دوای هاوەڵان باشترینن؛ ئەمانە دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ دەست پێدەکات، واتە ئەویان نەبینیووە، بەڵام هاوەڵانیان بینیووە. بێگومان وەک چۆن لە نێو هاوەڵان کۆمەڵێکی دیار هەبوون دانا و زانا بوون، بەهەمان شێوە لەنێو ئەم چینەشدا کۆمەڵێک هەبوون کە کاریگەربوون و زاناترین بوون.

دەمەوێت ناوی هەندێکیان ئاماژە پێ بدەم بۆ شارەزابوون و ناسینی زانا و پێشەوا دیارەکانیان.

لەنێو زانایانی تابعین لە مەدینە دا:

سعيد بن المسيب كه به (عالم أهل المدينة) ناسرابوو؛ فەقیهـ و دانا بوو، هاوسەردەمی پێشەوا (حسن) بوو؛ یەکێک بوو له (فقهاء السبعة) كه زانست له دەوریان دا بوو ، هەروەها عروة بن الزبير بن العوام ، کوڕی هاوەڵی حواري رسول الزبير ، بەهەمان شێوەی سعيد بن المسيب عالم و دانا بوو، بەهۆی نزیکی له دایکی ئیماندارانعائشة وه كه پوری بوو، زۆرترین عیلمی لەو وەر گرت، بەجۆرێک زۆرترین ڕیوایەتی لێوه کردووه ، عروة جگه له عیلم؛ له زوهد و عیبادەتیش له لوتکه بووه، كه له نامیلکەیەکی تایبەت باسی وەڕەع و تەقوای ئەو ئیمامەم کردووه بەناوی (عیبادەتی خير القرون)، هەروەها القاسم بن محمد بن أبي بكر و، سالم بن عبد الله بن عمر كه کوڕی هاوەڵی بەڕێز (ابن عمر) ه و، نەوەی ئیمامی عمر بوو، دوای (نافع) زۆرترین ڕیوایەتی له باوکی کردووه، هەروەها "سليمان بن يسار و، محمد بن الحنفية و، علي بن الحسين بن علي و، ابنه محمد بن علي بن حسين و، عمر بن عبد العزيز و، كعب بن ماتع الأحبار و زيد بن أسلم"، ئەوانه پێشەوایانی نێو گەورە تابعین بوون

نەک عابدترینەکان، چونکە تابعی بەڕێزی وا هەیە ناسراو نییە، بەڵام لە عیبادەت لە لوتکە بووە.

ئینجا هەر لە مەدینە لە چینی دواتر یان دووەم؛ بچووکتر لەوانەی سەرەوە کۆمەڵێک لە پێشەوای دیاری نێویان بریتیبوون لە : محمد بن مسلم الزهري یان ابن شهاب الزهري ، یەکێک بوو لە پێشەنگ و پێشەوایانی سەلەف، یەکێک بوو لە حافظ ترینیان، یەکێک بوو لەوانەی علي ابن المديني دەربارەی گوتویەتی : سەنەد لە دەوری کۆبۆتەوە، هەروەها ربيعة بن أبي عبد الرحمن و، عبد الله بن يزيد بن هرمز و، زيد بن علي بن الحسين و، عبد الله بن حسن و جعفر بن محمد الصادق.

ئینجا چینی دوای ئەوان هەر لە نێو ئەهلی مەدینە دا لە ناودارترین و زاناترینیان بریتیبون لە:

أبو عبد الله مالك بن أنس یان ئیمامی مالك، سەردار و پێشەنگ و پێشەوایی چینی نێو گەورە أتباع التابعين بوو، دواتر عبد العزيز بن أبي سلمة الماجشون. دواتر عبد الملك بن عبد العزيز و، إسماعيل بن أبي أويس و، أبو مصعب أحمد بن أبي بكر الزهري و يحيى بن أبي كثير اليمامي.

ئەوانە پێکهاتەی ناوی ئەو پێشەوا و پێشەنگانەی خير القرون بوون، لە ناودارترینەکانیان و دیارترینەکانی خەڵکی مەدینە بوون.

له نێو زانا و پێشەوا دیارەکانی ئەهلی مەککە :

عطاء بن أبي رباح، یەکێکە لە پێشەوا هەرە دیارەکانی سەردەمی تابعین بە (مفتي مكة) دانرابوو؛ لە عیلم و زوهد پێشەنگ بوو ، هەروەها ئیمامی طاوس بن كيسان ، دواتر ئیمامی مجاهد بن جبر؛ کە بە یەکێک لە دیارترین زانایانی سەلەف و، قوتابی ابن عباس و پێشەنگ لە تەفسیری قورئان دادەنرێت، پاشان ابن أبي مليكة.

دوای ئەو چینەی سەرەوە هەر لە نێو ئەهلی مەککەدا کۆمەڵێک پێشەوای پێشەنگی تر و دیار هەن، ئەوانیش : "عمرو بن دينار، عبد الله بن طاوس، ابن جريج، نافع بن عمر الجمحي، سفيان بن عيينة، فضيل بن عياض، محمد بن مسلم الطائفي، يحيى بن سليم الطايفي، أبو عبدالله محمد بن إدريس الشافعي؛ کە یەکێکە لەدیارترین پێشەوا و پێشەنگانی سەلەف لە دوای تابعین ، ئینجا عبدالله بن يزيد المقري، عبدالله بن الزبير الحميدي" رضي الله عنهم أجمعين.

لە زانا و پێشەوایانی ئەهلی شام _ جەزیرە:

کۆمەڵێک زانای دیار و پێشەنگی تابعین لە شام هەبوون، لە دیارترینیان بریتیبوون لە:

"عبد الله بن محيريز، رجاء بن حيوة، عبادة بن نسي، ميمون بن مهران و عبد الكريم بن مالك الجزري".

ئینجا دوای ئەوان لە گەورە ئەتباعی تابعیندا:

عبد الرحمن بن عمرو الأوزاعي، کە بەناوبانگ بوو بە ئیمامی ئەهلی شام؛ یەکێک بوو لە دیارترین پێشەنگ و پێشەوایانی خیر القرون لەو کاتەدا ، هەروەها محمد بن الوليد الزبيدي و، سعيد بن عبد العزيز التنوخي و، عبدالرحمن بن يزيد بن جابر و، عبد الله بن شوذب و، أبو إسحاق إبراهيم بن محمد الفزاري.

ئینجا لە دوای ئەوان:

"أبو مسهر عبد الأعلى بن مسهر الدمشقي، هشام بن عمار الدمشقي، محمد بن سليمان المصيصي ناسراو بە بلوین، ئەوانە پێشەوا و سەرمەشقی ئەهلی شام و جەزیرە بوون؛ جگە لەوان کەسانی تریش هەبوون کە عابد و زاهد بوون".

له زانا و پێشەنگەکانی ئەهلی کوفە له تابعین :

علقمة بن قيس، كه قوتابی ابن مسعود بوو ، هەروەها عامر بن شراحيل الشعبي؛ كه يەكێكە له ديارترين پێشەوايانی تابعين له عيلم و زوهد و وەرِەع دا ، دواتر أبو البختري سعيد بن فيروز و، إبراهيم بن يزيد النخعي و، طلحة بن‌مصرف و، زبيد بن الحارث و، الحكم بن عتيبة و، مالك بن مغول و، أبو حيان يحيى بن سعيد التيمي و، عبد الملك بن أبجر و، حمزة بن حبيب الزيات المقري، ثم محمد بن عبد الرحمن بن أبي ليلى، ئينجا له نێو گەورە پێشەنگ وپێشەوايانی (أتباع التابعين) دوای ئەوان هەر له كوفەدا بريتيبوون له:

سفيان الثوري؛ كه لێرەدا وەسف ناكرێ، چونكه له لوتكەی عيلم و وەرِەع و زوهد دا بوو، به جۆرێک بۆته سەر مەشقی ئەهلی كوفه، دوای ئەو شريك بن عبد الله القاضي و، زايدة بن‌قدامة و، أبو بكر بن عياش و، عبدالله بن إدريس و، عبد الرحمن بن محمد المحاربي و، يحيى بن عبد الملك بن أبي غنية و وكيع بن الجراح، ئيمامی وەكيع بەهەمان شێوە قوتابی پێشەوا سفيان بوو، پاشان أبو أسامة حماد بن أسامة و، جعفر بن

عون و، محمد بن عبيد الطنافس و، أبونعيم الفضل بن دكين؛ كه شێخی ئیمام بوخاری یه.

ئەوانه کۆمەڵێك پێشەوای دیاری ئەهلی کوفه بوون له چینی "خير القرون" دا، جگه لەوانەش زۆری تر هەبوون، بەڵام ئەمانه دیارترینیان بوون.

له زانا و پێشەوایانی التابعین له ئەهلی بەصرە دا:

دیارترین و ناودارترین پێشەواکانی "خير القرون" له تابعین له شاری بەسرەدا بریتیبوون له:

أبو العالية رفيع بن مهران الرياحي، كه یەکێکه له پێشەوا دیارەکان؛ به بەشێکی تایبەت له کتابی (عیبادەتی خير القرون) باسم کردووه ، دواتر الحسن بن أبي الحسن البصري که دیارترین ئیمامەکانی تابعینه، لەو کاتدا له لوتکەی عیلم و زوهد دا بوو، بەهەمان شێوەی أبو العالية باسم کردووه بەدرێژی له شوێنی تر، هەروەها محمد بن سيرين؛ پێشەوا له "فەرموودە، له فيقهـ ، له عەقیدە" دواتر أبو قلابة عبد الله بن زيد الجرمي.

ئەوانه دیارترین ئیمامەکانی خەڵکی بەسرە بوون له نێو تابعیندا.

ئینجا دوای ئەوان لە پێشەوا پێشەنگەکانی گەورە أتباع التابعين:

"أبوبكر أيوب بن أبي تميمة السختياني ، يونس بن عبيد، عبدالله بن عون، سليمان التيمي، أبو عمرو بن العلاء، حماد بن سلمة، حماد بن زيد".

ئینجا دوای ئەوان:

"يحيى بن‌سعيد القطان، معاذ بن معاذ، ثم عبد الرحمن بن مهدي، وهب بن جرير، أبو الحسن علي بن عبد الله بن جعفر المديني، عباس بن عبد العظيم العنبري، محمد بن بشار و سهل بن عبد الله التستري".

له زانا و پێشەوایانی ئەهلی خوراسان :

أبو عبد الرحمن عبد الله بن المبارك المروزي، ابن المبارك یەکێک بوو له دیارترین و پێشەنگترین زانایانی ئەتباعی تابعین؛ قوتابی سفیان بوو، وەک زانایان له وەسفی دەڵێن: هەرچی سیفەتی چاکە له و پێشەوایەدا کۆبۆتەوە، عابد و عالم و موجاهید بوو ، هەروەها الفضل بن موسى السيناني و، النضر بن محمد المروزي و، النضر بن شميل المازني، نعيم بن حماد المروزي، نعیم شێخی ئیمام بوخاری یە، خاوەنی کتابی (الفتن)ە، بەهۆی میحنەتی خەلقی قورئان تووشی زیندان بوو، هەر بەو هۆیەوە شەهید بوو، دواتر إسحاق بن إبراهيم بن مخلد المعروف بابن راهويه المروزي، ئیسحاق شێخی زۆرێک له پێشەوایانی "كتب الستة" یە، هەر ئەویش بووە هۆی پاڵنەری سەرەکی ئیمام بوخاری تاوەکو کتابی صحيح البخاري بنوسێت، له دیارترین ئیمامەکانە؛ بەجۆرێک له (فیقهـ و حەدیث و عەقیدە) له زۆربەی باسەکان ئیسحاق دەوری هەبووە . هەروەها أحمد بن سيار المروزي و، محمد بن نصر المروزي و، يحيى بن يحيى النيسابوري و، محمد بن يحيى الذهلي، الذهلي شێخی خوراسان بوو،

شێخی ئیمام بوخاری و مسلم و ئەوانی تره، الذهبي دەڵێت: هاوشێوەی ئیمام ئەحمد بووە لە ئیمامەتی خوراسان.

ئینجا دوای ئەوان و قوتابییەکانیان دێن، کە لە ناودارترینیان بریتیبوون لە:

محمد بن إسماعيل البخاري، ئیمامی البخاري پێویست بە وەسف و ناساندن ناکات؛ چونکە زۆرینەی ئوممەی ئیسلام بە بچووك و گەورەوە دەیناسێت ، هەروەها يعقوب بن سفيان الفسوي و، أبو داود سليمان بن الأشعث السجستاني کە دانیشتووی البصرة بوو، دواتر أبو عبدالرحمن النسوي و، أبوعيسى محمد بن عيسى الترمذي و، محمد بن إسحاق بن خزيمة و محمد بن عقيل البلخي.

ئەوانە دیارترین پێشەوایانی ئەهلی خوراسان بوون لە چینی ئەتباع التابعين دا نەك تابعين، هەروەها بەشێکیش لە قوتابییەکانیان، چونکە "خير القرون" سێ چین دەگرێتەوە، بەڵام قوتابییەکانیان کەوا نزیکن لەو سەردەمە پێویستە بناسرێن، لەبەرئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لە ئایینی ئیسلامدا.

هەروەها لە نێو پێشەوایانی سەلەف نەك خیر القرون لە ئەهلی "الري" دیارترینیان بریتیبوون لە:

"إبراهيم بن موسى الفراء، أبو زرعة عبيد الله بن عبد الكريم الرازي، أبو حاتم محمد بن إدريس الحنظلي، أبو عبيد الله محمد بن مسلم بن وارة و أبو مسعود أحمد بن الفرات نزيل أصبهان".

لە زانا و پێشەوایانی سەلەف لە بەغداد :

أبو عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل؛ ئیمامی ئەحمد یەکێکە لە ئەستێرە گەش و دیارەکانی سەلەف و قوتابی أتباع التابعین، دیارترین و کاریگەرترین ئیمام لە دوای هاوەڵان لەسەر ئوممەی ئیسلام دا، لە تێکڕای زانستەکانی دیندا پێشەنگە و پێکاوترین بۆچوونی هەیە لە دیندا؛ نزیکترینانە لە صەواب ،پاشان أبو زكريا يحيى بن معين، ئیمامی ابن معین بە ئیمامی (الجرح والتعديل) ناسراوە، ئەو کەسەی لە بواری زانستەکانی فەرموودەدا کاردەکات زۆرترین ناو کە دووبارە بێتەوە لای ئەو ئیمامەیە، چونکە هێندە ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لەو زانستەدا، هەروەها أبو عبيد القاسم بن سلام و، أبو ثور إبراهيم بن خالدالكلبي و، أبو خيثمة زهير بن حرب و، الحسن بن الصباح البزار و، أحمد بن إبراهيم الدورقي و، محمد بن جرير الطبري و، أحمد بن سلمان النجاد الفقيه و أبو بكر محمد بن الحسن النقاش المقري.

ئەوانە لە دیارترین و کاریگەرترین پێشەوایانی ئەهلی بەغدا بوون لە سەلەف، بەڵکو هەندێکیان لە ئەتباعی تابعینن.

ئەمە پوختەیەک بوو لە پێشەکییەك؛ بۆ ناسینی دیارترینەکانی "خير القرون".

{ پوختەیەک لە ژیانی پێشەوا الحمیدي }

ناوی :

الحُمَيْدِيُّ؛ عَبْدُ الله بنُ الزُّبَيْرِ بنِ عِيْسَى بْنِ عُبَيْدِ الله بنِ أُسَامَةَ بنِ عَبْدِ اللهِ بنِ حُمَيْدِ بنِ زُهَيْرِ بنِ الحَارِثِ بنِ أَسَدِ بنِ عَبْدِ العُزَّى أبو بكر الحميدي، زياتر به الحميدي ناسراوە.

لە دیارترین شێخ و مامۆستاکانی :

" إِبْرَاهِيْمَ بنِ سَعْدٍ، فُضَيْلِ بنِ عِيَاضٍ، سُفْيَانَ بنِ عُيَيْنَةَ ، عَبْدِ العَزِيْزِ بنِ عَبْدِ الصَّمَدِ العَمِّيِّ، عَبْدِ العَزِيْزِ بنِ أَبِي حَازِمٍ، الوَلِيْدِ بنِ مُسْلِمٍ، مَرْوَانَ بنِ مُعَاوِيَةَ، وَكِيْعٍ وَ الشَّافِعِيِّ ".

جێگیرترین قوتابی سفیان بن عیینة بووە :

وَقَالَ أَبُو حَاتِمٍ: أَثْبَتُ النَّاسِ فِي ابْنِ عُيَيْنَةَ الحُمَيْدِيُّ، وَهُوَ رَئِيْسُ أَصْحَابِ ابْنِ عُيَيْنَةَ، وَهُوَ ثِقَةٌ، إِمَامٌ.

أبو حاتم دەڵێ : جێگیرترین کەس لە فەرموودەکانی "سفیان" حومەیدیە، بەڵکو سەرکردەی هاوەڵانی ابن عيينة بووە ، جێی متمانەیە و ئیمامە .(١)

پێشەوا الحميدي دەڵێ:

نۆزدە ساڵان لای سُفْيَانَ بنَ عُيَيْنَة دانیشتووم . (٢)

دیارترین قوتابیەکانی :

پێشەوا محمد بن إسماعيل البُخَارِيُّ، الذُّهْلِيُّ، هَارُوْنُ الحَمَّالُ، أَحْمَدُ بنُ الأَزْهَرِ، وَسَلَمَةُ بنُ شَبِيْبٍ، مُحَمَّدُ بنُ سَنْجَرَ، يَعْقُوْبُ الفَسَوِيُّ، إِسْمَاعِيْلُ سَمُّوْيَه، مُحَمَّدُ بنُ عَبْدِ اللهِ بنِ البَرْقِيِّ، أَبُو زُرْعَةَ الرَّازِيُّ، بِشْرُ بنُ مُوْسَى، أَبُو حَاتِمٍ، يَعْقُوْبُ بنُ شَيْبَةَ، بُو بَكْرٍ مُحَمَّدُ بنُ إِدْرِيْس المَكِّيُّ.

عَبْدُ الرَّحْمَنِ بنُ أَبِي حَاتِم دەڵێ : مُحَمَّدُ بنُ عَبْد الرَّحِيْمِ الهَرَوِيُّ بۆی باسکردین، دەڵێ : پرسیشتمە مەککە ساڵی ١٩٨ بوو ، کە لە سەرەتای

(١) الجرح والتعديل " ٥ / ٥٧، و" تهذيب الكمال " لوحة ٦٨٢. و سير أعلام النبلاء طبقة ١٢.

(٢) الجرح والتعديل " ٥ / ٥٧. و سير أعلام النبلاء طبقة ١٢.

سالّەکە سُفْيَانُ بنُ عُيَيْنَةَ وەفاتی کردبوو ، پێش گەیشتنمان بە حەوت مانگ بۆ مەککە ، پرسیارم کرد دەربارەی باشترین هاوەڵ و قوتابی ابن عیینە ؟

باسی حومەیدییان بۆ کردم ، منیش فەرموودەی ابن عیینة م لەو نووسیەوە .[1]

ستایشی پێشەوایانی سەلەف بۆی :

پێشەوا **ئەحمەدی کوڕی حەنبەل** دەڵێ: حومەیدیی لای ئێمە ئیمامە.[2]

دەڵێم : کەسێک پێشەوا ئەحمەد شایەتی بۆ بدات بەوەی ئیمام و پێشەوای بێت ، بێگومان لە لوتکەی عیلم و حفظ و ئیمامەت دابووە ، خاوەن عەقیدیەکی پاکیش بووە.

يَعْقُوْبُ الفَسَوِيّ دەڵێ:

(١) الجرح والتعديل " ٥ / ٥٧. و سير أعلام النبلاء طبقة ١٢.

(٢) تهذيب الكمال " لوحة ٦٨٢. و سير أعلام النبلاء طبقة ١٢.

بەکەس نەگەیشتووم هاوشێوەی حومەیدی ئامۆژگاریکار بێ بۆ ئیسلام و خەڵکەی .

مُحَمَّدُ بنُ إِسْحَاقَ المَرْوَزِيُّ دەڵێ : گوێم لە إِسْحَاقَ بنَ رَاهْوَيْه بوو دەیگوت: پێشەوایانی سەردەمی ئێمە : شافعی و حومەیدی و ئەبو عوبەید بوون .[1]

ابو العبّاس سرّاج دەڵێ : گوێم لە بوخاری بوو دەیگوت : حومەیدی ئیمامە لە فەرموودە .[2]

ئاستی زیرەکی پێشەوا حومەیدی :

ڕەبیعی کوڕی سولەیمان دەڵێ : گوێم لە شافعی بوو دەیگوت : کەسم نەبینیوە هاوشێوەی حومەیدی حافظ بێ ، دە هەزار فەرموودەی لە سُفْيَانَ بنِ عُيَيْنَة حفظ کردبوو .[3]

(١) طبقات الشافعية " للسبكي ٢ / ١٤٠. و سير أعلام النبلاء طبقة ١٢.

(٢) طبقات الشافعية للسبكي ٢ / ١٤١. و سير أعلام النبلاء طبقة ١٢.

(٣) طبقات الشافعية " للسبكي ٢ / ١٤٠. و سير أعلام النبلاء طبقة ١٢.

علی کوڕی خەلەف دەڵێ : گوێم لە حومەیدی بوو دەیگوت: مادام من لە حیجاز بم و ، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە عێراق بێ و ، ئیسحاق لە خوراسان بێ ، کەس لێیان ناباتەوە .[1]

مەبەستی : لە ئیمامەتیانە، لە سوننەت و فەرموودە و، ڕەددی ئەهلی بیدەع ، چونکە ئەوانە پێشەنگ و پێشەوای ئەهلی سوننە بوون.

پێشەوا **حومەیدی** دەیگوت : سوێند بە اللە گەر جەنگ بکەم لەگەڵ ئەوانەی فەرموودەی پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم ڕەتدەکەنەوە لام خۆشترە لەوەی جەنگی تورکەکان بکەم.

دەڵێم : ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێ کە ڕەددانەوە و ڕووبەڕووبونەوەی ئەو کەسانە و هاوشێوەکانیان _ کەوا خۆیان داوەتەوە پاڵ ئیسلام _ لە پێشترە لە دوژمنی ڕووبەڕوو.

(١) طبقات الشافعية " للسبكي ٢ / ١٤٠. و سير أعلام النبلاء طبقة ١٢.

(أصول السنة للحميدي)

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە چەند بەشێکە، بۆ ئەوەی لای خوێنەر ڕوون بێت، ئەوانیش بریتین لە:

١ /ئیمان هێنان بە قەدەر.

٢ /پێناسە و ناساندنی ئیمان.

٣ /بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لەسەر هاوەڵان.

٤ /بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لەسەر قورئان.

٥ /بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لەسەر ناو و سیفاتەکان.

٦ /بینینی اللە لەلایەن ئیماندارانەوە لە ئاخیرەتدا.

٧ /حوکمی ئەو کەسەی تاوانی گەورە دەکات لە ئەهلی قیبلە.

ناوی کتێب یان نامیلکە (أصول السنة)

أصول ئینجا سوننە.

أصول = **أصل** ، ئەو بنەمایەیە کەوا شتی تری لەسەر بنیات دەنرێ، وەک دەڵێین : بناغە ، بناغەی خانوو ، چەندین ژوور و قاتی لێ بنیات دەنرێ ، بۆیە ئەو ئەسڵە ئەگەر خەراپ بێت تێکڕای خانوەکەت وێران دەکات.

کەواتە : دەتوانین بڵێین بنەما و بناغەی موسڵمان بیروباوەڕەکەیەتی؛ گەر بێت و بیروباوەڕێکی پاك و، دوور لە لادان و مخالەفەی مەنهەج نەبێ ، ئەوا تێکڕایی کارو کردەوەکانی ئەنجامی دەدا قبوڵ کراوە و پەسەند دەکرێ، ئەگەرنا بناغەکەی کە بیروباوەڕەکەیەتی؛ دەبێتە هۆی لەناوبردن و وێرانکردنی سەرجەم کردەوەکانی تری.

السُّنَّةُ :: ڕێگا ، مەنهەج ، کەوا خەڵکی شوێنی دەکەون.

لە ڕووی شەرعیەوە : واتە ڕێگا و ڕێبازی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و هاوەڵان.

السنة : ماناکەی گشتگیرە؛ هەموو شتێك دەگرێتەوە لە پەرستش و بەندایەتی و ڕەوشت و هتد.

پێشەوا **بەربەهاری** لە شەرحی السُنة دەڵێ:

بزانە؛ سوننەت واتە ئیسلام ، ئیسلامیش واتە سوننەت .[1]

وشەی **السنة** : مانای دەگۆڕێت بەپێی باس وبابەتەکان ، بۆ نمونە؛ لە باسی فیقهـ ، لە بابی عیبادات.

ئەوەی لێرە مەبەستمانە لەم وشە، لای پێشەوایانی سەلەف کەوا بەکاریان هێناوە (تایبەتە بە بیروباوەڕ)، واتە (بنەما و بناغەی بیروباوەڕ).

(١) شرح السنة ، البربهاري .

پێشەوا **الْحُمَيْدِي** دەڵێ : السُّنَّةُ عِنْدَنَا



لە پێشدا باسمان کرد کە السُّنَّةُ بەمانای چی دێت ، کاتێ دەڵێ :عِنْدَنَا؛ واتە ئێمەی ئەهلی سوننە، واتە پێشەوایان و زانایانی ئەهلی سوننەی سەلەفی ئوممەت، لێرەشدا ئەو وشە دەتوانرێ بەکار بهێنرێ وەك [کۆدەنگی = إجماع]، چونکە پێشەوا الحميدي ئەصلی بیروباوەڕی سەلەف دەگوازێتەوە، واتە ئەو پێشەوا و ئیمامانەی کەوا ئەو پێی گەیشتووە و زانستی شەرعی لێ وەرگرتوون، لە بەناوبانگترین مامۆستاکانی (سفيان بن عيينة)بوو.

ئینجا دەفەرموێت : أَنْ يُؤْمِنَ الرَّجُلُ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ، حُلْوِهِ وَمُرِّهِ، وَأَنْ يَعلم أَنَّ مَا أَصَابَهُ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَهُ، وَأَنَّ مَا أَخْطَأَهُ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَهُ، وَأَنَّ ذَلِكَ كُلَّهُ قَضَاءٌ مِنَ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ.

أَنْ يُؤْمِنَ الرَّجُلُ بِالْقَدَرِ:

واتە : ئیمان و باوەڕێکی تەواوی پێی هەبێ ، بە خێر و، (ناخۆشیەکەی) ، بە شیرین و تاڵیەکەی ، دەبێ بشزانێت ئەوەی بەسەری دێ بەهۆی هەڵەکانی نییە ، ئەگەر ئەو هەڵانەی نەکردبایە ئەوەی بەسەر نەدەهات ، بەڵکو ئەوە هەمووی بڕاوەتەوە لای الله عزوجل.

شرّ : نابێ بدرێتە پاڵ الله، وەك لە فەرموودە هاتووە : **والشرّ ليس إليك.**[1]

حُلْوِهِ وَمُرِّهِ : تاڵیەتی و شیرینیەتی.

خَيْرِهِ وَشَرِّهِ : عاقیبەتی (ئاخیرەتی).

(**قدر و قضاء**) : هەردووکیان پێکەوە گرێدراون؛ قەدەرەکە نووسراوە تەقدیر کراوە ناتوانرێ لێك جیا بکرێنەوە ، بەڵام قەدەر پێش قضاء دەکەوێ ، هەندێکی تر ڕای پێچەوانەیان هەیە.

(١) صحيح مسلم ژمارە ٧٧٧ .

إبن الأثير دەڵێ : هەردووکیان پێکەوەن و گرێدراون ؛ یەکەمیان بنەڕەتە کە (قەدەرەکەیە)، دووەمیان بیناکەیە کەوا (قضاء)ە، واتە بناغەی ئەو "قضاء"ە، قەدەرەکەیە والله أعلم.

پێشەوا **سوفیان** دەڵێ :

ئەی شعیب بن حرب، ئەوەی دەینووسیت سوودت پێ ناگەیەنێت؛ تاکو باوەڕ بە قەدەر نەهێنیت بە خێر و شەڕیەوە، بە شیرین و تاڵیەوە، هەمووی لە لایەن الله عزوجل ـەوەیە.

پێشەوا **شافعي** دەڵێت:

ڕازیبوون بە قەدەری الله ، قەدەر خێر و ناخۆشی هەمووی لە الله تعالی یـە ، هیچ شتێک ڕوونادات تەنیا ئەوەی الله ویستی لەسەر بێت.

یەکێکی تر لە بنەماکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە وجەماعەی سەلەفی ئوممەت؛ داننان و دووپاتکردنەوەی ئەوەیە کە بڵێین: "ڕازین بەقەدەری الله ، بە خێر و شەڕیەوە" ، بێگومان ئەوەشیان ڕەددێکە بۆ گروپە گومڕاکانی ئەوکات؛ وەکو قەدەرییەکان ، کە دەیانگوت:

قەدەر نییە ، بۆیە ئەهلی سوننە وەڵامیان دانەوە و ڕونیان کردەوە.

بێگومان : قەدەر (ڕوکنی شەشەمی) ئیمانە ، لە چەندین فەرموودەی صەحیح و جێگیر هاتووە وەك فەرموودەی (جبریل) کە مسلم لە ئیمامی عمر دەیگێڕێتەوە و، بوخاری و موسلیم لە أبو هریرە دەیگێڕنەوە ، بەڵکو چەندین فەرموودەی تر .

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو باسە:

بابەت و بیدعەی القدر دەگەڕێتەوە بۆ معبد الجهني ، لە پێشەوا الأوزاعي ەوە هاتووە دەڵێ : بنەچەی بیدعەی القدر لەلایەن (سَوسَن النصراني) بوو، ئینجا دواتر (معبد الجهني) لەوی وەرگرت، پاشان (غَیلان الدِّمشقي) لە "معبد الجهني" وەرگرت. [1]

واتە؛ سەرەگەورەی فیتنەی ئوممەت لە بارەی قەدەرەوە ئەو سێ کەسە بوون .

یونس بن عبید دەڵێ : کاتێ ڕۆیشتمە بەسرە ، هیچ قەدەرییەکم نەبینی ، تەنها (سیسَوَیە "سوسن" و ، معبد الجُهني و ، ئەو مەلعونەی تریش لە بەنی عەوانە "غیلان")[2].

(١) القدر للفریابي ٣٤٨ و، لالكائي ١٣٩٨ .

(٢) إبن بطة ١٩٥٦ و، لالكائی ١٣٩٧ .

(بڕوابوون بە قەدەر لای سەلەفی ئوممەت)

کۆدەنگی هەیە لەنێوان هاوەڵان و تابعین لەسەر بڕواهێنان بە قەدەر و تەسلیمبوون بۆی.

تابعی بەڕێز طاووس بن کیسان دەڵێ : بە ٣٠٠ هاوەڵ(صحابة) گەیشتووم دەیانگوت: کل شيءٍ بقَدَرٍ) [١]

أبو الأسود الدِّيلي دەڵێ : هیچ یەکێ لە هاوەڵانمان نەبینیوە کەوا دان بە قەدەر دانەنێن.[٢]

لە پێشەوا إبن عباس هاتووە دەڵێ : بە درۆ زانینی (بڕوانەبوون) قەدەر دەبێتە پەکسختن و پووچەڵکردنەوەی تەوحید .[٣]

(١) مسلم ٢٦٥٥ بە لەفزی: گەیشتووم بە خەڵکانێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر ... و لالكائي ٦٦٦ .

(٢) لالكائي ١٠٣٧ .

(٣) السنة لعبدالله ٩٢٥ و الشريعة ٤٥٦ .

ئەوانەی بڕوایان بەقەدەر نییە یان ڕەتی دەکەنەوە :

لە بارەی حوکمدان بەسەریانەوە ئایا ڕاستەوخۆ لە بازنەی ئیسلام دەردەچن یان نا ؟

لە وەڵامدا: پێشەوایان دوو بۆچوونیان هەیە؛

بۆچوونی یەکەمیان:

ئیمامی **ئەحمەد** دەڵێ : قەدەر ڕاستەوخۆ لە بازنەی ئیسلام دەری ناکات، بەڵام ئەگەر نکۆڵی زانست و زانیاری اللەی کرد ئەوا کافرە.[1]

هەروەها هەریەك لە **أبو حاتم الرازي** و **أبو زرعة الرازي** یش وا دەڵێن؛ وەك لە بیروباوەڕی الرازیین هاتووە، دەڵێن : (قەدەریەکان موبتەدیع و گومڕان ، هەریەک لەوان نکۆڵی ئەوە بکات کە "الله عزوجل

(١) السنة لعبدالله ٨٣٥ و الخلال ٨٦٢ .

دەزانێت چی دەبێت پێش ئەوەی ببێت (ڕووبدات) ئەوا لە دین دەرچووە".

لەبەرئەوەی زانست و زانیاری گشتگیرترە و، قەدەر تایبەتترە .

دووەمیان:

ئەوانەی قەدەر بەدرۆ دەزانن و بڕوای پێناهێنن، لای کۆمەڵێک لە پێشەوایان و زانایان ڕاستەوخۆ لە بازنەی ئیسلام دەردەکرێن، ئەوانیش:

لە هاوەڵان :عبدالله بن عباس و عبدالله بن عمر .

لە تابعین : الحسن البصري.

لە أتباع التابعین : مالك بن أنس و الشافعي .

چونکە دەڵێن : ئەوەی قەدەر ڕەتدەکاتەوە زانست و زانیاری الله ـی ڕەتکردوتەوە ، هیچ جیاوازیان نەکردووە لە نێوان ئەوەی زانستەکەی ڕەت دەکاتەوە یان نا.

چۆنیەتی باوەڕهێنان بە قەدەر.

یەکەمیان :

موسڵمان دەبێ باوەڕی وابێ الله عزوجل هەموو ئەو شتانە دەزانێت کەوا ڕوودەدەن، واتە پێش ڕوودانیان، هەروەها لە (اللوح المحفوظ) نوسیویەتی بە بەڵگەی فەرمودەی:

عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (رضي الله عنه) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ: (كَتَبَ اللَّهُ مَقَادِيرَ الْخَلَائِقِ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِخَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ، قَالَ: وَعَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ).[1]

لە (عبدالله کوڕی عەمری کوڕی عاص خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: بیستومە لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەیفەرموو: (خوای گەورە پەنجا هەزار ساڵ پێش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروست بکات،

(١) مسلم فەرموودەی ژمارە ١٧٦٢ لە پوختەی صحيح مسلم . و مسند احمد ٦٥٧٩ و سنن الترمذي ٢١٥٦.

هەموو کاروباری دروستکراوەکانی نووسیووە)، جا فەرمووی: (هەروەها عەرشی پەروەردگار لەسەر ئاو بوو).

دووەمیان:

هەروەها موسڵمان بڕوای وابێت هیچ شتێک ڕوونادات تەنها دوای ویستی اللە نەبێ ، بێگومان ناشبێ مەگەر تەنها ئەوەی ئەو دەیەوێت.

سێیەمیان:

بڕوای وابێ اللە عزوجل دروستکاری هەموو شتێکە ، هیچ شتێک نییە لەوانەی بونیان هەیە لە دروستکراوەکان و لە کردەوەکان تەنها و تەنها اللە تعالی دروستکاریەتی، بە بەڵگەی فەرموودەی :

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: جَاءَ مُشْرِكُو قُرَيْشٍ يُخَاصِمُونَ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) فِي الْقَدَرِ، فَنَزَلَتْ: [يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ. إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ] [القمر: ٤٨.٤٩].[1]

(١) صحيح مسلم: ٢٦٥٦, سنن الترمذي: ٣٢٩٠, سنن ابن ماجه: ٨٣ , مسند أحمد: ٩٧٣٦, ١٠١٦٤,

له (أبو هريره)ەوه (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: کۆمەڵێ له بێباوەڕەکانی قوڕەیش هاتنه لای پێغەمبەر ﷺ و کردیان به هەرا و هوریا (مخاصمة) لەسەر قەدەر، پاشان ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: [يوم يسحبون في النار على وجوههم ذوقوا مس سقر. انا كل شيء خلقناه بقدر] القمر ٤٨-٤٩

که ئەمە ماناکەیەتی: [ڕۆژێك دێت که لەسەر ڕوویان ڕادەکێشرێن لەناو ئاگری دۆزەخدا پێیان دەوترێت: دە بیچێژن تاڵاوی دۆزەخ. بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان به ئەندازە و نەخشەی دیاریکراو دروست کردووە.

چوارەم :

هەروەها بڕوای وابێ ئەوەی بەسەری دێت هۆکاری هەڵەکانی نییە، ئەوەشی هەڵە دەکات هۆکاری ئەوە نییە که بەسەری دێ ، وەک پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ : (**واعلم أن الأمة لو اجتمعت على أن ينفعوك بشيء لم ينفعوك إلا بشيء قد كتبه الله لك، ولو اجتمعوا**

على أن يضروك بشيء لم يضروك إلا بشيء قد كتبه الله عليك، رفعت الأقلام وجفت الصحف)[1].

واتە : ئەوە بزانە؛ گەر بێت و هەموو خەڵك لێت کۆببێتەوە لەسەر ئەوەی سودێکت پێ بگەیەنن ناتوانن، تەنیا بەو شتە نەبێ کە الله عزوجل لەسەری نوسیوی ، هەروەها گەر بێت و کۆببنەوە لەسەر ئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنن ناتوانن، تەنیا بەو شتە نەبێ کە الله عزوجل لەسەری نوسیوی، پێنووسەکان هەڵگیران و پەڕەکانیش وشک بوون.

پاشان فەرموودەی (عبدالله کوڕی مسعود خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: أم حبيبة (خوا لێی ڕازی بێت) وتی: خوایە! بە هاوسەرم ـ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ـ و بە أبو سفيان ی باوکم و معاویەی برام شادم کەرەوە. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (تۆ داوای چەند ئەجەل و کۆتاییەکت لە خوا کردووە کە نووسراوە، هەروەها داوای ڕێڕەوی دیاریکردنت کردووە و، داوای ڕزق و ڕۆزی دیاریکراوت کردووە، ئەمانەی کە تۆ داوات کردوون هیچیان پێش کاتەکەی خۆی ناکەون ، هەروەها دواش ناکەون؛ دوای ئەو کاتەی بۆی دیاریکراوە.

---

(١) الترمذي (٢٥١٦).

ئەگەر داوات لە خوای گەورە بکردایە کە لە ئاگری دۆزەخ و ئازاری قەبر بتپارێزێت چاکتربوو بۆت)، پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا؛ ئایا مەیمون و بەرازەکان لەوانەن کە مەسخ کراون و گۆڕاون؟ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (خوای گەورە هیچ میللەتێکی لەناو نەبردووە کە پاش خۆیان وەچەیان هەبێت، مەیمون و بەرازەکان پێش ئەوە بوون).[1]

(١) صحيح البخاري: ٣٢٠٨, ٣٣٣٢, ٦٥٩٤, ٧٤٥٤, صحيح مسلم: ٢٦٤٣, ٢٦٤٥ , سنن أبي داود: ٤٧٠٨, سنن ابن ماجه: ٧٦, سنن الدارمي: ٢١٣, مسند أحمد: ٣٥٥٣, ٣٦٢٤, ٣٩٣٤, ٤٠٩١.

بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لە بارەی ئیمان

پێشەوا **الحميدي** دەڵێت:

وَأَنَّ الإِيمَانَ قَوْلٌ وَعَمَلٌ يَزِيدُ وَيَنْقُصُ وَلاَ يَنْفَعُ قَوْلٌ إِلاَّ بِعَمَلٍ وَلاَ عَمَلٌ وَقَوْلٌ إِلاَّ بِنِيَّةٍ وَلاَ قَوْلٌ وَعَمَلٌ وَنِيَّةٌ إِلاَّ بِسُنَّةٍ.

بێگومان ئیمان وتە و کردەوەیە ، زیاد و کەمیش دەکات ، وتە بێ کردەوە سوودی نابێ ، کردەوە و وتەش بەیەکەوە سوودیان نابێ تەنها بە نییەت نەبێ، جا "وتە و کردەوە و نییەت"یش سوودیان نابێ تەنها بە سوننەت نەبێت.

شیکردنەوە

بابەتی ئیمان یەکێکە لە بابەتەکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەی سەلەفی سالْحی ئوممەت؛ کەوا قسەیان لەسەر کردووە، ئەوەش پەددە بۆ پێچەوانەکاران کە قسەیان لەسەر کردووە وەکو: موڕجیئەکان و جگە لەوانیش.

یەکێکە لەو (أصول) انەی بیروباوەڕ، واتە بنەمایەکە ، بۆیە تێکڕای پێشەوایان ئەوەیان دووپاتکردوتەوە کەوا ئیمان بەو جۆر و شێوەیە ، چونکە هەر کەسێك لە بنەماکانی ئیمان تێ نەگات ، لە بنەماکانی کوفریش تێ ناگات ، چونکە تێنەگەیشتن لە ئیمان دەبێتە لاربوونی بنەمایەک لە بنەماکانی بیروباوەڕ.

حەقیقەتی ئەم باسە لای ئەهلی سوننە

ئەهلی سوننە دەڵێن:

ئیمان وتەیە و کردەوەشە ، بەڵکو باسەکانی بیروباوەڕ دەچێتە ناوی بە قسە و کردارەکانیشەوە ، کە وتەی دڵ و زمانە؛ کردەوەی دڵ و ئەندامەکانیشە ، نمونەی گوفتار وەکو : زیکرەکان و هاوشێوەیان دەکرێ لە ئیمان بێ، زیکری دڵیش بەهەمان شێوە.

وەک لە فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هاتووە:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : " الْإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ شُعْبَةً، أَفْضَلُهَا قَوْلُ : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ. وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الْعَظْمِ عَنِ الطَّرِيقِ، وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الْإِيمَانِ ". (١)

(١) سنن الترمذي: ١١٦٢, سنن الدارمي: ٢٨٣٤, مسند أحمد: ٧٤٠٢, و أبو داود ٤٦٨٢.
ئیمامی الترمذي دەڵێ : حسن الصحيح ، وتم : تەنها محمد بن عمرو ی تێدایە کەمێ قسەی لەسەرە، بەڕێگای تریش هاتووە والله أعلم .

دەفەرموێ : **(الإيمان بضع وسبعون شعبة، أعلاها قول: لا إله إلا الله، وأدناها إماطة الأذى عن الطريق، والحياء شعبة من الإيمان)**[1]

وشەی : (لا إله إلا الله) لە ئیمانەوەیە لەکاتێکدا گوفتاری زمانە.

هەروەها لابردنی ئەزیەت لەسەر ڕێگا **(إماطة الأذى عن الطريق)** لە ئیمانەوەیە، کە کردەوەی جەستەیە.

شەرم و حەیا بەشێکە لە ئیمان ، کە کردەوەی دڵە.

بەهەمان شێوەش بەشەکانی تری ئیمان.

أبو حاتم الرازی و أبو زرعة الرازي لە عەقیدەی الرازیین دەڵێن:

گەیشتووین بە زانایان لە زۆرینەی شار و وڵاتان وەک : حیجاز و عێراق و میسر و شام و یەمەن، لە مەزهەبیان ئەوە بوو کەوا : ئیمان وتە و کردەوەیە؛ زیاد و کەم دەکات.[2]

---

(١) صحيح البخاري: ٩, صحيح مسلم: ٣٥, ٣٥, سنن الترمذي: ٢٠٠٩, , سنن النسائي: ٥٠٠٤, سنن ابن ماجه: ٥٧, مسند أحمد: ٨٩٢٦.

(٢) عقيدة الرازيين .

أبو سلمة الخزاعي كه شێخی ئیمام ئەحمەدە دەڵێ:

هەریەک لە "مالك بن أنس و شريك بن عبدالله و أبو بكر بن عياش و عبد العزيز بن أبي سلمة و حماد بن سلمة و حماد بن زيد" هەموویان دەیانگوت : ئیمان ناسینە و، دانپێدانان و کردەوەیە . (١)

پێشەوا بوخاری دەڵێ : فەرمودەم لە هەزار شێخ نوسیوەتەوە، هەموویان دەیانگوت : ئیمان وتە و کردەوەیە، زیاد و کەم دەکات.

لە کتێبی بیروباوەڕی پێشەوا مالیك و بیروباوەڕی پێشەوا شافعی و أصول السنەی پێشەوا ئەحمەد هەموویان ئەو باسەیان داناوە کە ڕاستی ئیمان چۆنە و چۆن نییە.

ئەوانەی هێنامان و خستمانە بەرچاوی خوێنەر کۆدەنگی ئەهلی سوننە بوو لەسەر ئەو باسە.

(١) السنة لعبدالله ٦١٣ .

ئیمـان لای ئەهلی بیدەع و گومڕاکان

موڕجیئەکان:

ئەهلی ئیرجاء (المرجئة) پێچەوانەی سوننەتیان کرد و لایاندا؛ گوتیان : ئیمان نە قسەیە، نە کردەوە، نە زیاد دەکات نە کەمیش.

گوتیان : بەڵکو ئیمان تەنها لە دڵەوەیە ، هەندێکیش لەوان گوتیان: ئیمان تەنها وتەیە لەسەر زمان (گوفتار) .

عبدالله دەڵێ : سمعت أبي رحمه الله، وسئل، عن الإرجاء، فقال: " نحن نقول: الإيمان قول وعمل يزيد وينقص إذا زنى وشرب الخمر نقص إيمانه .

عبدالله دەڵێ : گوێم لە باوکم بوو دەربارەی ئیرجاء پرسیاری لێکرا ،

فەرمووی : ئێمە دەڵێین : ئیمان وتە و کردەوەیە، زیاد و کەمیش دەکات، گەربێت و زینا بکا و مەشروب بخواتەوە ئیمانی کەم دەکات .[1]

(١) السنة لعبدالله ٥٩٩ .

جەهمییەکانیش :

دەیانگوت : ئیمان تەنها ناسینە ، واتە تەنها ناسینی "اللە" یە بە دڵ ، هەروەها کوفریش بریتییە لە جەهل بە "اللە" لە دڵ .

واتە لای جەهم ئیماندار ئەوەیە اللە بناسێت بە دڵ، ئەگەر چی بە زمان شەهادەش نەهێنێت و دان بە پێغەمبەرایەتی نەنێت.

کافر ئەوەیە اللە نەناسێت بە دڵ. ئەمەش یەکێکە لە پووچترین مەزهەبەکان، گەر وابێ "ئیبلیس"یش اللە ی بەدڵ ناسیوە و دەچێتە چوار چێوەی ئیمانی جەهم .

قال اللە تعالی : { الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ}[البقرة: ١٤٦]

وقولە: { وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا } [النمل: ١٤]

پێشەوا **ئەحمەد** دەیگوت : جەهمییەکان دەڵێن : گەر بە دڵ اللە ـی ناسی و، بە ئەندامەکانیش کردەوەی پێ نەکرد ئەوە (ئیماندارە)، ئەوەش

کوفری ئیبلیسه؛ چونکه له دڵەوه اللهـی ناسیوه کاتێ گوتی : { رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي } [الحجر: ٣٩] [١]

عبّاس الوراق دەڵێ : گوێم له وکیع بوو دەیگوت : جەهمییەکان دەڵێن : ئیمان ناسینه به دڵ ، جا هەریەك بڵێ : ئیمان ناسینه به دڵ ئەوا داوای تۆبەی لێ دەکرێت ، گەر تۆبەی کرد باشه ، گەرنا لەناو دەبردرێت.[٢]

أبو عبيد دەڵێ : الله پێی ڕاگەیاندوین که ئەوانه کافرن و کوفریان کردووه، به زمان نکۆڵیان کردووه ، له کاتێکدا هەموو شتێکیان به دڵ ناسیوه و زانیوه .

هەروەها الله عزوجل هەواڵی داوه کەوا إبلیس کافره و له کافرانه، له کاتێکدا شارەزایه به الله؛ به دڵ و به زمان .[٣]

ئەمەش وەکو ڕەددێکه بۆ جەهمییەکان؛ که پێیان وایه ناسینی دڵ بەسه بۆ ئەوەی بکەویته بازنەی ئیمان.

---

(١) السنة لخلاّل ١٧٧٢ .

(٢) السنة لخلال ١٧٧٣ .

(٣) الإيمان لأبي عبيد ٥١ كوتا پەڕ.

ئەشاعیرە و ماتوریدی:

دەڵێن : ئیمان تەنها بەڕاستدانان و ناسینی دڵە ، گەر بێت و بە زمان دەریشی نەبڕێت ، تەنها بەڕاستدانان لە دڵەوە بەسە بۆ ئەوەی ببیتە ئیماندار.

سەبارەت بە کردەوەش، لای ئەوان دوو بەشە : ڕووکەش و ناخ ، ئەوەی ڕووکەشە وەکو کردەوەی ئەندامەکانی جەستە ، تەواوکاری ئیمانە ، نەك مەرجێك بێت ، هەروەها ڕوکنێکی ڕاستەقینەش نییە.

هەندێک ریوایەتیشیان لێوە کراوە بەوەی دەڵێن : ئیمان وتە و کردەوەیە، لەوانە "ئەبو حەسەن و جوەینی" لەم باسە دوو وتەیان هەیە، یەکێکیان تەنها ناسین و بەڕاستدانانە.

ئەو مەنهەجەی ئەمڕۆ ئەوان لەسەرین ئەوەیە:

ئیمان بەڕاستدانانە لە دڵەوە ، وتەی زمانیش مەرجی هەستانی خاوەنەکەیەتی بۆ ئەحکامە دونیاییەکان ، ئەمەش بۆ جیاکردنەوەیە لە نێوان موسڵمان و جگە لەوان ، کردەوەش مەرجی تەواوی ئیمانە ، نەك ڕوکنێک بێت لە ئیمان ، بەڵکو مەرجی تەواویەتیشی نییە.

خەواریج و موعتەزیلە:

هەرچی **خەواریج و موعتەزیلە** لە باسی "ئیمان وتە و کردەوەیە" تەواو هاوبیرن، واتە هەمان قسەی ئەهلی سوننە دەڵێن ،بەڵام دەبێ بزانن جیاوازی ئەهلی سوننە و ئەوان لەچ شتێکدایە.

جیاوازیان لەگەڵ ئەهلی سوننە:

ئەهلی سوننە و جەماعە دەڵێن : کاتێک بەندە سەرپێچییەک یان کردەوەیەکی گوناھ ئەنجام دەدات، ئیمانی پێ لاواز دەبێ ، کەم دەبێت .

خەواریج و موعتەزیلە دەڵێن : ئەگەر سەرپێچی و تاوانی گەورە بکات ئیمانی کەم دەکا و لە ئیمان دەردەچێ ، واتە بەئەنجامدانی تاوانی گەورە لە ئیمان دەچیتە دەر لایان ، چونکە ئیمان لایان هەمووی یەک شتە ، گەر نەمێنێ یان لاواز بێتن هەمووی پێکەوە نامێنێت ، گەر جێگیریش بێت هەمووی پێکەوە جێگیر دەبن ، چونکە ئیمان بەش بەشی نییە لایان.

کەواتە : خەواریج سەرەڕای ئەوەی پێیان وایە ئیمان وتە و کردەوە و بەڕاستدانانە ، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێن : گەر مرۆڤ تاوانی گەورە بکات لە ئیمان دەردەچێ و، بەرەو کوفر دەچێت و دەخرێتە ئاگر تاھەتایە.

موعتەزیلە دەڵێن : بە ئەنجامدانی تاوانی گەورە لە ئیمان دەردەچێ، بەڵام ناچێتە نێو کوفر ، لە نێوان دوو (پێگە) مەنزیلەدایە ، نە ئیمان نە کوفر ، لە کۆتاییشدا دەخرێتە نێو ئاگر تاهەتایە ، ئەمەش یەکێکە لە پووچترین بیروباوەڕەکان.

کام لایەن لەسەر حەقە ؟

أبو عبيد القاسم بن سلاّم دەڵێ : ئێمە سەیری جیاوازی و ناکۆکی هەردوو لامان کرد؛ بینیمان قورئان و سوننەت ئەوانە بەڕاست دادەنێ کە دەڵێن : ئیمان نییەتە و وتە و، کردەوەیە هەمووی پێکەوە ، هەروەها ئەوانەی تر پەت دەکاتەوە (وەک موڕجیئە و هاوشێوەکانیان) [1].

هەریەک لە "**مالک** و **شافعی** و **ئەحمەد**" دەڵێن : وتە و کردەوە ، وتەی دڵ و وتەی زمان ، هەروەها کردەوەی لاشەش.

لە پێشەوا "سفيان الثوري و سفيان بن عيينة و وكيع بن الجراح و يحيى بن معين و علي ابن المديني و شافعی" و زۆرێکی تریش هاتووە، هەموویان گوتویانە : ئیمان قسەو کردەوەیە، زیاد و کەم دەکات.

(١) الإيمان لأبي عبيد القاسم بن سلام .

شێوازی هاتن و گوتنی ئەم دەستەواژە لای سەلەف.

هەندێک لە ئەهلی سوننە دەڵێن : ئیمان وتە و کردەوە و نییەتە.

هەندێکی تر دەڵێن : وتە و کردەوە و، نییەت و سوننەتە.

بەهەمان شێوە ئیمان زیاد دەکات و کەمیش دەکات .

ئیمان زیاد دەکات: بە ئەنجامدانی گوێڕایەڵی و چاکەکردن.

ئیمان کەم دەکات: بە ئەنجامدانی سەرپێچی و تاوانکردن.

واتە ئیمان هەم زیاد دەکات ، هەمیش کەم، وەک اللە عزوجل دەفەرموێ: { لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَعَ إِيمَانِهِمْ } [الفتح:٤]

هەروەها : { فَزَادَتْهُمْ إِيمَانًا } [التوبة:١٢٤]

هەروەها : { فَزَادَتْهُمْ إِيمَانًا } [آل عمران:١٧٣]

هاوشێوەکانی تری ئەم ئایەتانە ، بۆیە هەر شتێک قبوڵی زیاد بوون بکات لە بەرانبەریدا ئەگەری هەیە کەمیش بکات ، بۆ نمونە : مرۆڤ

ئەگەر زیکر و یادی اللەی کرد و، سوپاس و ستایشی کرد؛ ئەوا ئیمانی زیاد دەکات ، بەڵام ئەگەر بێت و قسەیەکی خەراپ بکا؛ یان جنێودان و سوکایەتی و سەرپێچی و تاوان ئەنجام بدات، ئەوا ئیمانی زۆر کەم دەکات.

پێشەوا **الحميدي** دەڵی :

وَلَا يَجُوزُ الْقَوْلُ إِلَّا بِالْعَمَلِ , وَلَا يَجُوزُ الْقَوْلُ وَالْعَمَلُ إِلَّا بِالنِّيَّةِ , وَلَا يَجُوزُ الْقَوْلُ وَالْعَمَلُ وَالنِّيَّةُ إِلَّا بِمُوَافَقَةِ السُّنَّةِ .

وتە بە بێ کردەوە دروست نییە و نابێ، هەروەها وتە و کردەوەش بە بێ نییەت دروست نییە و نابێت، هەڵبەتە هەمووشیان "وتە ، کردەوە ، نییەت"، دروست نینە و ناشبن بە بێ سوننەت، واتە دەبێ هاوڕێکی سوننەت بێ.

شیکردنەوە

کە دەڵێ : وَلَا يَجُوزُ الْقَوْلُ إِلَّا بِالْعَمَلِ: قسە و گوفتار ، دروست نییە و دانامەزرێ تەنها بە سەلماندی کردەوە نەبێت، تۆ دەبێ بە کردەوە بیسەلێنی ئیماندارى.

بۆ نمونە : بە دەم شەهادە دێنی ، بە کردەوە دەبێ بیسەلێنی ، هەروەها هەرچەند بڵێی: بڕوام بە نوێژە؛ ئەگەر نەیکەیت پێی لە دین دەردەچیت ، لە کتێبەکانی (أصول السنة و پێشەوا شافعی) ئەو باسەمان بە وردی باسکردووە سەبارەت بە نوێژنەکەر.

کە دەڵێ : وَلَا يَجُوزُ الْقَوْلُ وَالْعَمَلُ إِلَّا بِالنِّيَّةِ:

خاڵێکی زۆر گرنگە (نییەت) بە پێی ئەو فەرموودە : **إِنَّمَا الأَعْمَالُ بالنِّيَّاتِ وإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ ما نَوَى، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللهِ وَرَسُولِهِ**

فَهِجْرَتُهُ إِلى اللهِ وَرَسُولِهِ، وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا أَو امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ}[1].

هەموو کردەوەکان بە نییەتە.

واتە : هەموو کردەوەیەك بە نییەتە، (نییەت) شتێکی شاراوەیە و پەیوەستە بە ناخی موسڵمانەوە.

بۆیە ئەم بڕگەیە دەچێتە چوارچێوەی ئەوەی؛ کردەوە لای اللە قبوڵ نابێت ئەگەر نییەتت لە پێناو اللە نەبێ.

بۆیە دەڵێن : هەریەك دەیەوێ کتابێک بنوسێت با لەسەرەتادا لەو فەرموودە دەستپێبکات . (إِنَّمَا الأَعْمَالُ بالنِّيَّاتِ).

لە پێشەوا **شافعی** ڕیوایەت کراوە، دەڵێ:

ئەم فەرموودە سێ یەکی عیلمە ، هەروەها دەچێتە نێو حەفتا باسی فیقهەوە.

---

(١) بوخاری (١) ، موسلیم (١٩٠٧) .

لە پێشەوا **ئەحمەد** ڕیوایەت کراوە دەڵێ:

بنەمای ئیسلام لەسەر سێ فەرموودە دامەزراوە، یەک لەوانە : (**إِنَّمَا الأَعْمَالُ بالنِّيَّاتِ**)ـە.

پێشەوا **ئیسحاق** دەڵێ : ئەمە یەکێکە لەو چوار فەرموودانەی کە بنەمای دینن.

پێشەوا **ئەبو داود** دەڵێ : ئەم فەرموودە یەکێکە لەو چوار فەرموودەیەی کە لە ناو پێنج سەد هەزار فەرموودە هەڵمبژاردووە.

بڕوانە (**شرح إبن رجب الحنبلي**).

مەبەستم لە هێنانەوەی ئەم باسە بۆ ئەوەیە، هەموو کردەوەکانی دونیات _کە لەپێناو ئاخیرەتە_ دەچێتە نێو ئەو فەرموودەیە کە (نییەتە) .

کە دەڵێ : وَلَا يَجُوزُ الْقَوْلُ وَالْعَمَلُ وَالنِّيَّةُ إِلَّا بِمُوَافَقَةِ السُّنَّةِ .

ڕاستە لە بڕگەی دواتر پێشەوا شعیب ئەوە دووپات دەکاتەوە کە مەبەست لە (بِمُوَافَقَةِ السُّنَّةِ) چییە.

بەڵام من ئەم خاڵە بە پوختی شیدەکەمەوە ، چونکە مانا هەڵگرە.

گەر وردبینەوە پێیان دەڵێ : هەرچەند نییەتت هەبێ و قسەت هەبێ و کردەوەش بکەی؛ بەڵام گەر بێت و لەگەڵ سوننەت یەك نەگرێتەوە وەرناگیرێ، چونکە فەرموودەمان هەیە دەفەرموێ:

{مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ} (١)

{مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيهِ أَمْرُنا فَهُوَ رَدٌّ}(٢).

واتە : هەریەک کارێک بکات و فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێ ئەوا وەرناگیرێ .

پێشەوا **إبن رجب** دەڵێ : ئەم فەرموودە یەکێکە لە بنەما گەورەکانی ئیسلام وەکو چۆن فەرموودەی (**إنما الأعمال بالنيات**) بنەمایەکی گرنگە.

دەڵێ : هەموو کردەوەیەك گەر فەرمانی الله و پێغەمبەرەکەی لەسەر نەبێ ئەوا وەرناگیرێ و ڕەت دەکرێتەوە .(٣)

(١) رواه البخاريٌّ ومسلمٌ.

(٢) مسلم

(٣) شرح أربعين لإن رجب الحنبلي

بۆیە هیچ کردەوەیەک وەرناگیرێ ئەگەر لەگەڵ سوننەت یەك نەگرێتەوە، چونکە الله بە زانستەوە دەپەرستێت ، هەروەها پەرستن و عیبادەتیش تەنها بە زانستەوە قبوڵ دەکرێ ، زانستیش واتە ئەو پەرستشەی کەوا دەیکەی، پێویستە دەقێکی لەسەر هاتبێ و هاوەڵان و سەدەکانی یەکەم کردبێتیان.

بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لە بارەی هاوەڵان

پێشەوا **الحميدي** دەڵێت:

وَالتَّرَحُّمُ عَلَى أَصْحَابِ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كُلِّهِمْ فَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ قَالَ: (وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالإِيمَانِ) فَلَنْ يُؤْمِنَ إِلاَّ بِالاِسْتِغْفَارِ لَهُمْ، فَمَنْ سَبَّهُمْ أَوْ تَنَقَّصَهُمْ أَوْ أَحَدًا مِنْهُمْ فَلَيْسَ عَلَى السُّنَّةِ، وَلَيْسَ لَهُ فِي الْفَيْءِ حَقٌّ.

ڕەحمەت ناردن بۆ هەموو هاوەڵانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (بێ جیاوازی)، خوای گەورە دەفەرموێ : (وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالإِيمَانِ) { الحشر ١٠} ، ئیمانی نییە مەگەر بە داوای لێخۆشبون نەبێت بۆیان ، هەریەك جنێویان پێ بدا و لە پێگەیان کەم بکاتەوە (جا هەر کامێکیان بێت) ئەوا لەسەر سوننەت نییە و، هیچ مافێکی لە "فەیئ"دا نابێت.

الفيء: بریتییە لەو دەسکەوتانەی کە دەستی موسڵمانان دەکەوێ بە بێ جەنگ.

-أَخْبَرَنَا بِذَلِكَ غَيْرُ وَاحِدٍ عَنْ مَالِكِ بْنِ أَنَسٍ أَنَّهُ قَالَ قَسَّمَ اللَّهُ تَعَالَى الْفَيْءَ فَقَالَ: (لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ) ثُمَّ قَالَ: (وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا) الآيَةَ. فَمَنْ لَمْ يَقُلْ هَذَا لَهُمْ فَلَيْسَ مِمَّنْ جُعِلَ لَهُ الْفَيْءُ.(١)

پێشەوا مالک دەفەرموێت : زیاتر لە کەسێک لە مالیکی کوڕی ئەنەسەوە هەواڵیان پێداوین کە هەرکەس لەپێگەی یەکێ لە هاوەلانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کەم بکاتەوە یان ڕقی لە دڵدا هەبێ بەرانبەر هاوەڵێک؛ ئەوا ئەو کەسە هیچ بەشێکی بۆ نییە لەو دەستکەوتانەی کە دەست موسڵمانان دەکەوێ، لەبەر وتەی خوا کە دەفەرموێ:

مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى]. { الحشر ٧ }

وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ]. {الحشر ١٠}

---

(١) الحلية ٣٢٧/٦ أصول السنة لإبن أبي زمنين ١٩٠ قال وهب قال: حدثنا ابن وضاح عن أبي جعفر الأيلي قال: قال مالك رحمه الله: ليس لمن انتقص أحدا من أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم في الفيء حق.١٩٠

دەڵێم : ئەو ئەسەرە بە صەحیحی ثابت بووە لە پێشەوا مالك.

[رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ].(الحشر ١٠)

[وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا].(الحشر ١٠)

بۆیە هەر کەسێك ڕق و کینەی بەرانبەر صەحابە هەبێ؛ ئەوە ئەم ئایەتە نایگرێتەوە و شەیتان بەسەریدا زاڵ بووە، بەڵکو لە (فەیئیشدا) هیچ بەشێکی نابێ.

شیکردنەوە

داننان و دووپاتکردنەوەی ئەو ڕستە بەشێکە لە بیروباوەڕی سەلەفی ئوممەت ، بەهەمان شێوە ڕێزگرتنیان بەشێکە لە تەواوکاری ئیمان، چونکە سەرخەری پێغەمبەر ﷺ و دین بوون ، چینێک بوون باشترینی ئوممەت بوون ، بەڵام دواتر ناکۆکی کێشە دروست بوو و، گروپی لادەر دەستیان کرد بە لێدان و ناشرین کردنیان، بە تایبەت شیعە و ڕافیزە.

خۆشویستنی تێکڕای هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ :

پێشەوایانی سەلەف ئەوەیان دووپات کردوتەوە کە یەکێک لە بنەماکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە ناردنی ڕەحمەتە بۆ تێکڕای هاوەڵان بێ جیاوازی ، ئەمەش واتە خۆشویستنیان ، بۆیە گەر بگەڕێینەوە بۆ مەنهەجی سەلەف دەبینین وشەی "خۆشویستن"یان بە سوننەت داناوە.

بەو شێوە :

پێشەوا **مالك** دەڵێت : سەلەفی ئوممەت منداڵەکانیان فێری خۆشەویستی "ابوبکر و عمر" دەکرد وەک چۆن فێری سوڕەتێکی قورئانیان بکردنایە . [١]

لالكائي لە **إبن مسعود** ەوە هێناویەتی دەڵێ :خۆشویستنی "أبوبکر و عمر" و زانینی پێگەو فەزڵیان لە سوننەتەیەوە .[٢]

★ هەروەها لە **مسروق بن عبدالرحمن** ەوە هێناویەتی دەفەرموێ:

---

(١) لالكائي بەژمارە ٢٣٢٥

(٢) لالكائي ٢٣١٩

خۆشویستنی "أبوبکر و عمر" و زانینی پێگەو فەزڵیان لە سوننەتەیەوە[1]

★هەروەها لە پێشەوا **طاووس بن كيسان** بەهەمان شێوە .

★ هەروەها لە **عبد العزيز بن جعفر اللؤلؤي** ەوە هێناویەتی دەڵێ:

بە (حسن البصري)م گوت : خۆشویستنی "أبوبکر و عمر" لە سوننەتەوەیە ؟ فەرمووی: بەڵکو فەرزە .[2]

لە **أبو جعفر محمد بن علي بن الحسن** دەڵێ : هەریەک نەزان بێت بە فەزڵی أبوبکر و عمر ئەوا نەزانە بە سوننەت .[3]

علي بن الحسن بن شقيق، دەڵێت : پرسیارم کرد لە عبد الله بن المبارك لەبارەی (جەماعەت) گوتی : «أبوبکر وعمر»[4]

---

(١) لالكائي ٢٣٢٢

(٢) لالكائي ٢٣٢١

(٣) لالكائي ٣٢٢٤

(٤) لالكائي ٢٣٢٥

قبيصة بن عتبة دەیگوت : خۆشویستنی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بەگشتی لە سوننەتەوەیە .[1]

لێرەوە بۆمان دەرکەوت وەك چۆن خۆشویستنیان سوننەتە؛ بەهەمان شێوە سەرخستنیان و ڕێزلێگرتنیان و باسکردنی پلە و فەزڵیان سوننەتە، بەڵکو ڕق لێبونەوە و بوغزاندنی یەکێکیان لە گومڕاییەوەیە.

(١) لالكائي ٢٣٢٦

باسنەکردنی هاوەڵان بە خەراپە

یەکێک لە باسە گرنگ و هەستیارەکان کەوا سەلەف گرنگیان پێداوە لە نامیلکە و کتێبە بیروباوەڕییەکانیان هێناویانە و بەستوویانەتەوە بە (ئیمان) بریتییە لە : باسنەکردنی هاوەڵان بە خەراپە؛ واتە بەهیچ جۆرێک موسڵمان نابێت بە خەراپە ناویان بهێنێت، واتە چۆن؟

واتە: باسکردنی ئەو فیتنە و کێشە و ناکۆکییانەی کەوا لە دوای وەفاتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە نێوانیان سەری هەڵداوە ، بوونە بەرەی لایەنێک دژی لایەنێکی تر؛ هەروەها جنێودان پێیان و بە خەراپە ناوهێنانیانە.

لەو نامیلکە بیروباوەڕییەدا کەوا هەریەك لە **أبوحاتم الرازی** و **أبو زرعة الرازي** نەقڵی ئیجماع دەکەن و دەڵێن:

والكف عمَّا شجر بينهم . [1]

(١) عقيدة الرازيين .

دەستهەڵگرتن و وازهێنان و، دوورکەوتنەوە لە ناکۆکی و کێشە و ڕاجیاییەکان کەوا لەنێوانیان دا دروووست بووە.

وازهێنان لە زەلـلەتیان و، باسنەکردنی هیچ یەکێکیان مەگەر بەچاکە نەبێت.

وەك **إبن عيينه** دەڵێت : هەر کەسێك قسە لەسەر هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بکات بەیەك وشەش بێت ئەوا خاوەن بیدعەیە. [1]

(١) شرح السنة البربهاري .

تانەدان و ناشرین پیشاندانی هاوەڵان

پێشەوا الحميدي دەڵێ:

هەر یەکێک جنێویان پێبدا یان لە پێگەی یەکێکیان کەم بکاتەوە ئەوا لەسەر سوننەت نییە.

واتە : هەر کەسێکتان بینی بەو شێوە بوو ئەوا بزانن موبتەدیعە و لە سوننەت لایداوە ، چونکە لە بنەماکانی ئەهلی سوننە نەهاتووە بە هیچ جۆرێك جنێو و سوکایەتییان پێ بکرێ.

پێشەوا **مالك** دەڵێت : ئەو کەسانە کە تانە دەدەن لە هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مەبەستیان تانەدانە لەخودی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، بەڵام ناتوانن ڕاستەوخۆ تانەی لێ بدەن دێن تانە لە هاوەڵەکانی دەدەن، تاکو بڵێن: پیاوێکی خراپ بووە بۆیە هاوەڵەکانیشی خراپ بوونە، ئەگەر خۆی پیاوباش بوایە هاوەڵەکانیشی پیاوباش دەبوون.[1]

(١) الصارم المسلول لاپەڕە ١٠٨٨ .

أبوزرعة الرازي دەڵێت : ئەگەر کەسێکت بینی کەوا لە شانی هاوەڵێکی پێغەمبەر کەم دەکاتەوە ئەوا بزانە [زندیقە] .[1]

(١) الكفاية للخطيب البغدادي .

هەروەها پێغەمبەر ڕێگری کردووە لە جنێودان پێیان

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي، لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي. فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا أَدْرَكَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلَا نَصِيفَهُ).

(أبو هريرە خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (جنێو بە یارانی من مەدەن ، جنێو بە یارانی من مەدەن ، سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە؛ گەر یەکێ لە ئێوە بە ئەندازەی چیای (أحد) ئاڵتون بکات بە خێر، ناگات بە مشتێکی ئەوان ، بەڵکو بە نیوەی مشتێکیش).[1]

دەڵێم : ئەو پەیامەی پێغەمبەر ﷺ بۆ هاوەڵانی بوو ، کاتێ کێشە کەوتە نێوان خالیدی کوڕی وەلید و عبدالرحمن کوڕی عەوف ، گەر بێت و بەو

(١) بخاري / فضائل الصحابة/ ٣٤٧٠ ، و مسلم.

شێوەیە بە یەکێکی وەکو خالید و ئەوان بڵێ ، ئەی چۆن دەبێ بۆ سەردەمی ئێمە ؟ ئەی چی دەبێت بۆ ئەهلی بیدەع و گومڕاکان !

پێشەوا الحميدي دەڵێت:

فَمَنْ سَبَّهُمْ أَوْ تَنَقَّصَهُمْ أَوْ أَحَدًا مِنْهُمْ فَلَيْسَ عَلَى السُّنَّةِ.

وەك لەسەرەوە باسمان کرد؛ جێودان و تەشهیر و کەمکردنەوەی فەزڵیان نیشانەی ئەوەیە لەسەر سوننەت نییە ئەو کەسە.

لەبەر ئەوەی لە فەرموودە هاتوە بەو شێوە:

عن البراء بن عازب رضي الله عنهما أَنَّ النبيَّ صلى الله عليه وسلم قال في الأَنصَار: «لاَ يُحِبُّهُم إِلاَّ مُؤمِن، وَلاَ يُبْغِضُهُم إِلاَّ مُنَافِق، مَنْ أَحَبَّهُم أَحَبَّهُ الله، وَمَنْ أَبْغَضَهُم أَبْغَضَه اللَّه». [1]

واتە : تەنها ئیماندار (ئەنسار)پشتیوانانی خۆشدەوێت ، تەنها مونافیقیش ڕقی لێیان دەبێتەوە ، هەرکەسێکیش خۆشیانی بوێ خوای

(١) متفق عليه .

تعالی خۆشی دەوێ ، هەرکەسێکیش ڕقی لێیان بێتەوە ، الله ڕقی لێیان دەبێتەوە.

هەروەها دەفەرمو : نیشانەی ئیمان خۆشویستنی ئەنساڕە (پشتیوانانە)، نیشانەی دووڕوویی ڕق لێبونەوەیە لەوان .[1]

بۆیە : دەبینرێ نیشانەی ئیمان و کوفر بە هاوەڵان دیاریکراوە؛ خۆشویستن و سەرخستنیان ئیمانە، ڕق لێبونەوە و دژایەتیان لە نیفاقەوەیە.

(١) متفق عیه .

بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لەبارەی قورئان

پێشەوا **الحميدي** دەڵێت:

وَالْقُرْآنُ كَلَامُ اللَّهِ، سَمِعْتُ سُفْيَانَ يَقُولُ: الْقُرْآنُ كَلَامُ اللَّهِ وَمَنْ قَالَ مَخْلُوقٌ فَهُوَ مُبْتَدِعٌ لَمْ نَسْمَعْ أَحَدًا يَقُولُ هَذَا.

قورئان : وتەی اللەیە عزوجل ، گوێم لە سفیان بوو دەیگوت: قورئان وتەی اللە یە؛ هەریەك بڵێت : دروستکراوە ، ئەوا کەسێکی موبتەدیعە، گوێم لە هیچ کەس نەبووە شتێکی وا بڵێ.

کۆمەڵێك ئایات کەوا سەلێنەری ڕاستی ئەوەن بە ڕاستەوخۆ:

قال اللّه عزّ وجلّ: {وإن أحدٌ من المشركين استجارك فأجره حتّى يسمع كلام اللّه} [التوبة: ٦]

وقال تعالى: {وقد كان فريقٌ منهم يسمعون كلام اللّه ثمّ يحرّفونه من بعد ما عقلوه وهم يعلمون} [البقرة: ٧٥]

وقال: {فآمنوا بالله ورسوله النّبيّ الأمّيّ الّذى يؤمن بالله وكلماته} [الأعراف: ١٥٨]

وقال عزّ وجلّ: {قل لو كان البحر مدادًا لكلمات ربّى لنفد البحر قبل أن تنفد كلمات ربّي ولو جئنا بمثله مددًا} [الكهف: ١٠٩]

وقال عزّ وجلّ: {إنّى اصطفيتك على النّاس برسالاتى وبكلامى} [الأعراف: ١٤٤].

وقال: {ولو أنّ ما فى الأرض من شجرةٍ أقلامٌ والبحر يمدّه من بعده سبعة أبحرٍ ما نفدت كلمات الله}. [لقمان: ٢٧]

وقال تعالى {يريدون أن يبدّلوا كلام الله} [الفتح: ١٥]

وقال تعالى: {وكلّم الله موسى تكليمًا} [النساء: ١٦٤]

وقال تعالى {ولمّا جاء موسى لميقاتنا وكلّمه ربّه} [الأعراف: ١٤٣]

وقال تعالى: {ومن أصدق من الله حديثًا} [النساء: ٨٧]

وقال: {وإذ قال ربّك للملائكة إنّى جاعلٌ فى الأرض خليفةً} [البقرة: ٣٠]

وقال عزّ وجلّ: {قال الله إنّي منزّلها عليكم} [المائدة: ١١٥]

وقال: {وإذ قال الله يا عيسى ابن مريم أأنت قلت للنّاس} [المائدة: ١١٦]

وقال تعالى: {قال الله هذا يوم ينفع الصّادقين صدقهم} [المائدة: ١١٩]

وقال تعالى: {وقال ربّكم ادعوني أستجب لكم} [غافر: ٦٠]

ئەوانەو چەندان ئایەتی تر سەلێنەری ئەوەن کەوا قورئان دروستکراو نییە ، بەڵکو وتەی اللەیە ، سبحان الله چ شتێک لەو باسە ڕوونترە، لە نێو دەیان ئایەت شوێن شتی (متشابهـ) بکەویت و بیروباوەڕی لەسەر دامەزرێنیت.

شیکردنەوە

لە کتێبەکانیتریش ئەم باسەمان هێناوە و پوختەیەکمان لێی شیکردوتەوە، ئەم دەربڕینە وەڵام و ڕەددی چینی گرمڕاکان بوو ، بەڵام

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە دەڵێ : هەریەک بڵێ قورئان دروستکراوە (مبتدعە) پێوستە خوێنەر بزانێت مەبەستی پێی (بیدعەیەکی مکفرەیە) واتە لە دین دەرخەرە .

سفیان : لێرەدا مەبەستی سفیان بن عیینة یە کە قوتابی سفیان الثوریە شێخەکەی، بەو شێوەیە لەبارەی قورئانەوە دەڵێ:

پێشەوا **سفيان الثوري** دەڵێ:

الْقُرْآنُ كَلَامُ اللَّهِ غَيْرُ مَخْلُوقٍ , مِنْهُ بَدَأَ وَإِلَيْهِ يَعُودُ , مَنْ قَالَ غَيْرَ هَذَا فَهُوَ كَافِرٌ .(١)

قورئان وتە و کەلامی اللە یە، هەر لەوەوە دەستی پێکردوە و بۆ لای ئەویش دەگەڕێتەوە، هەرکەسێک جگە لەمە بڵێت ئەوا کافرە.

هەروەها **ذەهەبی** لە سیر أعلام النبلاء هێناویەتی دەڵێ : **عبدالله بن المبارك** دەڵێ : گوێم لە سفيان الثوري بوو دەیگوت : هەریەك پێی وا بێت { قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ } [الإِخْلَاصُ:١] دروستکراوە ، ئەوە کافرە بە اللە.

(١) شرح اعتقاد أهل السنة والجماعة لالكائي .

هەروەها پێشەوا **شافعی** دەڵێت:

قورئان کەلامی الله تعالی یە و ، دروستکراو نییە.

پێشەوا **ئەحمەد** لە ئصول السنة دەڵێ:

قورئان: وتە و (کەلامی) الله یە و دروستکراو (مەخلوق) نییە، نابێت و دروست نییە بڵێین دروستکراو نییە بە تەنها، چونکە قورئان وتەی الله یە و لە الله جیا نەبۆتەوە، بەڵکو هیچ شتێکی قورئان دروستکراو نییە، ئاگادار بە لە مناقەشەکردن لەگەڵ ئەوانەی کە دەڵێن دروستکراوە یان تێکەوتوون ، لەوانەشی کە دەڵێن لەفزی ئێمە بە قورئان دروستکراوە و جگە لەوانەش ، بەڵکو ئەوانەشی کە دەوەستن لێی دەڵێن : نازانین قورئان دروستکراوە یان دروستکراو نییە، بەڵکو کەلامی الله یە ، هەڵبەتە ئەوانەی کە دەوەستن لەم باسە مبتدع و بیدعەچین؛ وەک ئەوانەی کە دەڵێن قورئان دروستکراوە ، بەڵکو قورئان وتەی الله یە و دروستکراو نییە.

پێشەوا **بوخاری** لە (خلق الأفعال العباد) لە **سفيان بن عيينة** هێناویەتی دەڵێ : بە شێخەکانمان گەیشتووم لە ماوەی حەفتا ساڵ؛ لەوان عمرو بن دینار دەیانگوت : قورئان کەلامی الله یە و دروستکراو نییە.(١)

هەروەها لە ڕیوایەتی (الدارمي) **سفيان بن عيينة** دەڵێ : بە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و جگە لەوانیش گەیشتووم لە ماوەی حەفتا ساڵ، دەیانگوت: الله دروستکارە ، جگە لەویش دروستکراوە ، قورئان وتەی الله یە و لەوەوە دەرچووە و، بۆ ئەو دەگەڕێتەوە .(٢)

مانای لەوەوە دەرچوە : واتە الله تعالى لە سەرەتادا قسەی پێکردووە ، ماناکەی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە ، واتە لە کۆتا زەمان کاتێ قورئان هەڵدەگیرێتەوە ، کە یەکێکە لە نیشانە گەورەکانی قیامەت ، ئەمەش کاتێک

خەڵک وازیان لە کارکردن هێنا بێی ، قورئان لە دڵەکانیان و لەسەر پەڕەکانیش هەڵدەگیرێتەوە .(٣)

---

(١) خلق الأفعال العباد لاپەڕ ٢٩ .

(٢) الرد على الجهيمة للدارمي ٣٤٤ .

(٣) الراجحي، شرح أصول السنة لاپەڕە ٦٦ .

علي ابن المديني دەڵێ : قورئان وتەی اللەیە، هەریەك بڵێ : دروستکراوە ، لە دین دەرچووە و نوێژیشی لە دواوە ناکرێ.

وەك دەبینن "پێشەوا علي ابن المدینی" بە دیاریکراوی دەڵێ : هەریەکێک بڵێ دروستکراوە ڕاستەوخۆ پێی لە دین دەردەچێت.

ئەهلی بیدەع و گومڕاکان چی دەڵێن لەسەر قورئان؟

لەو ڕوانگەوە لە بارەی "قورئان مەخلوقە" ئەهلی بیدەع دابەش دەبن بۆ سێ کۆمەڵە:

کۆمەڵەی یەکەم: ئەوانەی دەڵێن : دروستکراوە ، وەکو موعتەزیلە؛ ئەمانە ئەهلی بیدەعن یان ئەهلی کوفرن ، چونکە ئەوانە هیچ سیفاتێک بۆ اللە دانانێن، بۆیە ڕەتی دەکەنەوە کەوا وتەی اللە بێت.

کۆمەڵەی دووەم : ئەوانەن دەڵێن لەفزمان بە قورئان دروستکراوە.

کۆمەڵەی سێیەم : واقیفە، واتە وەستاوەکان، دەڵێن: نازانم ئایا دروستکراوە یان دروستکراو نییە ؟

ئەوانە هەموویان لەو باسە تێکەوتوون .

وەك دەڵێن : **واقيفه** ، ئەوانەی وەستاون شەڕیان زیاترە لەوانەی دەڵێن : لەفزمان پێی دروستکراوە .[1]

لە هەندێ نوسخە پێشەوا **ئەحمەد** دەڵێ : نابێ موسڵمان لاواز بێ لە گوتنی ئەوەی بڵێ "قورئان دروستکراو نییە"، بەڵکو دەبێ بوێر بێ و بەئاشکرا و ڕوون بیڵێ، دەریبڕێ و بەیانی کات و سڵ نەکاتەوە.

(١) الشريعة للآجري ٨٦ .

حوکمی ئەوانەی وا دەڵێن

پێشەوا شافعي پرسیاری لێدەکرێت دەربارەی ئایا قورئان مەخلوقە ؟

دەڵێت : ئۆف ئۆف ، قورئان وتەی اللە یە ، هەریەك بڵێت دروستکراوە ئەوا کافرە . (١)

دەڵێم:

لەپێشدا باسمان کرد کەوا مەبەستی پێشەوا سفیان بن عیینە لە وشەی موبتەدیع ، بیدعەیەکی لە دین دەرخەرە ، لە شێخەکەیەوە هێنامان کە سفیان الثوري بوو ، ئێستا ئەوەیان قوتابی إبن عیینەیە کە پێشەوا شافعییە دەڵێ : ئەوەی وابڵێ لە دین دەرچووە .

هەروەها لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا لە پێشەوا **ئەحمد** کە دەڵێ : ئەوەی وابڵێ موبتەدیعە، بێگومان بەهەمان شێوە مەبەستی بیدعەیەکی لە دین

(١) آداب الشافعي ومناقبه ، لإبن أبي حاتم لاپەرە ١٨٦ و الحلية ١١١/٩ و سير أعلام النبلاء ج١٠ لاپەرە ١٨ .

دەرخەرە، بەو بەڵگەی لە کتێبەکانی تر پێشەوا ئەحمد ڕاستەوخۆ دەڵێ : لە دین دەرچوونە.

إبن أبي حاتم الرازي لە مناقب هێناویەتی دەڵێ : پێشەوا شافعي و حفص الفرد ، بووە مناقەشە و مونازەرەیان لەسەر باسی خەلقی قورئان ، پێشەوا شافعی بە بەڵگە بۆی سەلماند کەوا قورئان دروستکراو نییە و وتەی اللەیە، پاشان تەکفیری "حفص الفرد"ي کرد.

ڕەبیع دەڵێ : بە حفص گەیشتم دەیگوت : شافعی دەیەوێت بمکوژێت.(١)

دەڵێم : حفص الفرد ، پێشەوا شافعی پێیدەگوت : منفرد ، مەیمون ، یەکێک لەسەرانی معتزلە بوو ، دەیگوت : قورئان مەخلوقە ،پێشەوا شافعي وەك دەبینن دوای مونازەرە ڕاستەوخۆ بە (معین) واتە بەدیاریکراوی تەکفیری دەکات ، بێ هیچ وەستانێک ، ئەمە ڕەددە بۆ ئەوانەی دەڵێن : شتی وا لە سەلەف بونی نەبووە.

(١) آداب الشافعي ١٩٤-١٩٥ ، الأسماء والصفات للبيهقي ٢٥٢ ، هەروەها ذهبي لە سير أعلام النبلاء ج١٠ لاپەرە ٣٢ هێناویەتی .

پێشەوا الحميدي دەڵێ:

-وَسَمِعْتُ سُفْيَانَ يَقُولُ الإِيمَانُ قَوْلٌ وَعَمَلٌ وَيَزِيدُ وَيَنْقُصُ فَقَالَ لَهُ أَخُوهُ إِبْرَاهِيمُ بْنُ عُيَيْنَةَ: يَا أَبَا مُحَمَّدٍ لاَ تَقُلْ يَنْقُصُ، فَغَضِبَ وَقَالَ اسْكُتْ يَا صَبِيُّ، بَلْ حَتَّى لاَ يَبْقَى مِنْهُ شَيْءٌ.

هەروەها گوێم لە سوفیان بوو دەیگوت : ئیمان وتە و کردەوەیە ، زیاد و کەمیش دەکات ، براکەی سوفیان (إِبْرَاهِيمُ بْنُ عُيَيْنَةَ) بە سوفیانی گوت : ئەی باوکی محمد مەڵێ : کەم دەکات ، پێشەوا سوفیان لێی تورە بوو پێیگوت: بێدەنگ بە ئەی منداڵ ، زۆریش کەم دەکات، بەڵکو تاوای لێدێت هیچی نامێنێتەوە

ئەم بابەتە: بابەتی ئیمانە؛ لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە و ڕوونمان کردوتەوە.

بیروباوەڕی ئەهلی سوننە دەربارەی بینین و سیفات

پێشەوا الحميدي دەڵێ:

وَالإِقْرَارُ بِالرُّؤْيَةِ بَعْدَ الْمَوْتِ، وَمَا نَطَقَ بِهِ الْقُرْآنُ وَالْحَدِيثُ مِثْلُ: (وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ) وَمِثْلُ: (وَالسَّمَوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ) وَمَا أَشْبَهَ هَذَا مِنَ الْقُرْآنِ وَالْحَدِيثِ لاَ نَزِيدُ فِيهِ وَلاَ نُفَسِّرُهُ نَقِفُ عَلَى مَا وَقَفَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ وَالسُّنَّةُ، وَنَقُولُ: الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى. وَمَنْ زَعَمَ غَيْرَ هَذَا فَهُوَ مُعَطِّلٌ جَهْمِيٌّ.

دانپێدانان و دووپاتکردنەوەی بینین لە دوای مردن ، (مەبەستی لە بینینی الله) یە ، جا ئەوەی قورئان و فەرموودە قسەیان لەسەر کردووە وەکو : (وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ) . [المائدة: ٦٤]

هەروەها ئایەتی : (وَالسَّمَوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ) . [الزمر: ٦٧]

هاوشێوەی ئەمانە لە قورئان و فەرموودە ، نە زیادی دەکەین؛ نە تەفسیری دەکەین ، لەو شوێنەش دەوەستین کەوا قورئان و سوننەت لەسەری وەستاوە ، جا دەڵێین : الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى. [طه : ١٥] هەریەك جگە لەوە بڵێ ئەوا پەکخەر و جەهمییە.

شیکردنەوە

ئەم باسە زۆر گرنگە ، لە کتێبەکانی تریش باسمان کردووە؛ ئەم ڕستانە چەند شتێک لە خۆ دەگرن لەوانە:

١ / بینینی خوای تعالی .

٢ / سیفاتەکانی خوای تعالی، لەوانە "دەست" بۆ الله عزوجل .

٣ / مکان (حد) بڕیاردانی شوێن بۆ الله عزوجل.

٤ / قبوڵکردن بە بێ تەفسیر و لێکدانەوە واتە : تەشبیهـ و تەمثیل.

٥ / حوکمی ئەوانەی پەکی دەخەن.

بینینی خوای تعالی لە ئاخیرەت.

یەکێکی تر لە بنەماکانی ئەهلی سوننەی سەلەفی ئوممەت ئەوەیە دانبنێی بەوەی اللە عزوجل لەڕۆژی دواییدا دەبینرێ، هیچ تەئویلێك هەڵناگرێت.

پێشەوا **ئەحمەد** دەڵێ :

والإيمان بالرؤية يوم القيامة، كما روي عن النبي صلى الله عليه وسلم من الأحاديث الصحاح .[1]

بڕواکردن بە بینینی الله عزوجل لە ڕۆژی قیامەتدا ، وەک چۆن لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم هاتووە لە فەرمودەی ڕاست و دروست.

بەڵگەی قورئان لە سەر بینینی الله:

قال الله (لِّلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَىٰ وَزِيَادَةٌ) [يونس: ٢٦] وشەی "وزيادة" : زانایان دەڵێن : مەبەستی بینینی خوای تعالی یە.

---

(١) أُصول السنة ـی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل

وقال الله : (وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ ، إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ) . [القيامة: ٢٢-٢٣]

وقال الله : (كَلَّا إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ) [المطففين: ١٥]، واتە : کافران لە بینینی الله عزوجل بێبەش دەکرێن.

بەڵگەی فەرموودەی صحیح بەوشێوە:

عن جرير بن عبد الله البجلي قال: كنا عند رسول الله صلى الله عليه وسلم ليلة البدر فقال: هل ترون هذا القمر ؟ قلنا: نعم، قال: هكذا ترون ربكم يوم القيامة لا تضامون في رؤيته. (١)

واتە: جرير بن عبد الله البجلي دەڵێ: ئێمە لای پێغەمبەری خوا بووین ﷺ لە شەوێکی مانگەشەودا، وتی: ئەو مانگە دەبینن؟، وتمان بەڵێ، وتی: بەدڵنیایی ئاوا پەروەردگاری خۆتان دەبینن لە ڕۆژی دواییدا، وەک چۆن ئەو مانگە دەبینن، تووشی کۆبوونەوە و ئازاردانی یەکتر نابن لەکاتی بینینیدا.

(١) متفق عليه

بەبەڵگەی ی ئیجماع و کۆدەنگی ئەهلی سوننە بەو شێوە:

أبو حاتم الرازي و **أبوزرعة الرازي** لە اعتقاد الرازيين دا نەقڵی ئیجماع دەکەن لەسەر ئەو باسە دەڵێن : ئیماندارانلە ڕۆژی قیامەت الله دەبینن و سەیری دەکەن.

پرسیاریان لە پێشەوا **مالك** کرد ئایا ئیماندارانلەڕۆژی دوایدا الله دەبینن؟ فەرمووی : گەر نەیبینن بۆچی بێ باوەڕان بێبەش دەکرێن لە بینینی خوا و پەردە دەخرێتە نێوانیان .

کەواتە بڕوابون بە بینین وەک چۆن بەشێکە لە بیرو باوەڕی ئەهلی سوننە، لەبەرانبەریشدا بڕوانەهێنان پێی دەبێتە هۆی دەرچون لە دین، وەک لەپێشەوا احمد و جگە لەویش هاتووە ، هەریەک بڵێ الله عزوجل نابینرێ لە ڕۆژی دوای ئەوا لە دین دەرچووە، چونکە ئایەت و فەرموودەی بە درۆ زانییە.

ئەوانەی ڕەفزی بینین دەکەن و ڕەتی دەکەنەوە : **جەهمییەکان** و **موعتەزیلەکانن** ، تەئویلی ئەو دەقانە دەکەن کەوا لەسەر بینین هاتوون و دەڵێن : مەبەستی بینین : زانستە ، مەبەست لەو فەرموودەش:

ترون ربكم كما ترون القمر ، واتە: ئەو تان دەناسن وەک چۆن مانگ دەناسن ، بەڵام ئەو تەئویلە پووچەیان فڕێ دەدرێ و وەرناگیرێ، لە فەرموودەکان بە ڕاستەوخۆ دەفەرموێ : اللە عزوجل دەبینن وەک چۆن خۆر و مانگ دەبینن کە هیچ ئازارتان نەدا.

إسحاق بن بهلول الأنباري، دەیگوت : گوێم لە وکیع بوو دەیگوت : هەر کەسێک فەرموودەی إسماعیل بن أبي خالد ئەویش لە قیس هوە، ئەویش لە "جریر" هوە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم لەبارەی بینینەوە ڕەت بکاتەوە ، وای دابنێن کەوا جەهمییە ، مورجیئەکان گوتیان : دانپێدانان بەوەی هاتوە لەلایەن اللە وە جێگای کردەوە دەگرێتەوە. جەهمییەکانیش گوتیان : ئەوەی هاتووە لەلایەن خوای تعالى ناسین بە دڵە، بەس بۆ ئەوەی جێگای قسە و کردەوە بگرێتەوە ، ئەوەش کوفرە .[1]

دەڵێم : ڕەتکردنەوەی بینین وەک ئەشاعیرە و جەهمییەکان کە تەئویلی دەکەن ، بەشێکە لە دەرچوون لە ئیسلام لەلایەن پێشەوایانی سەلەف، زۆر بەتوندی وەڵامیان داونەتەوە.

---

(١) السنة لعبدالله ٤١٨

أحمد بن إبراهيم الدورقي دەڵێ : گوێم لە یەزیدی کوڕی هارون بوو ، کاتێک تەواو بوو لەو فەرموودە : «إنكم ترون ربكم عز وجل كما ترون القمر» واتە : ئێوە لەڕۆژی دواییدا الله دەبینن وەکو چۆن مانگی چواردە دەبینن .) کاتێک تەواو بوو، یزید گوتی : هەریەکێک ئەو فەرموودە بە درۆ بزانێ ، ئەوا بەریئە لە الله عزوجل ، بەڵکو لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم. یش[1].

دەڵێم:

ڕەتکردنەوە و بە درۆ زانین مانای وا نییە بڵێی : درۆیە، بەڵکو لێکدانەوەیەك بکەی بۆی پێچەوانەی ئەوە بێ کە بۆی هاتووە، یان تەئویلی مانای بکەی، پێچەوانەی ئەو مانایە بێ کەوا سەلەف تێگەیشتوون.

عبدالله دەڵێ _ لوین دەیگوت : پرسیار لە سوفیانی کوڕی عویەیینە کرا لە بارەی ئەو فەرموودانەی کەوا هاتون لەسەر بینین ؟

(١) السنة لعبدالله ٤١٩

فەرمووی : ڕاستە؛ لەوانەی کەوا گوێیان لێیان بووە و متمانەمان پێیان هەبووە و پێشی ڕازین .[1]

پێشەوا وەکیعی کوڕی جەڕاح پرسیاری ئەو فەرموودانەی لێکرا لەسەر بینین و باسی کرد، ئینجا گوتی : چاوی جەهمییەکان بەو فەرموودانە تاریک بکەن ، دووجار وایگوت.[2]

ئەوە پوختەیەك بوو لەسەر بینین و بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لەسەری.

(١) السنة لعبدالله ٤٢٤ .

(٢) السنة لعبدالله ٤٧٤ .

سیفاتەکانی خوای تعالی لەوانە: دەست بۆ الله عزوجل

پێشەوا **الحميدي** لەبارەی سیفاتەکان ئەم ئایەتانەی هێناوە:

وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللَّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ) وَمِثْلُ: (وَالسَّمَوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ) وَمَا أَشْبَهَ هَذَا مِنَ الْقُرْآنِ وَالْحَدِيثِ لاَ نَزِيدُ فِيهِ وَلاَ نُفَسِّرُهُ نَقِفُ عَلَى مَا وَقَفَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ وَالسُّنَّةُ.

ئینجا دەڵێ : وَمَا أَشْبَهَ هَذَا مِنَ الْقُرْآنِ وَالْحَدِيثِ.

مەبەستی لە هاوشێوەی ئەو ئایەتانە ئەوەیە هەموو ئەو ئایەتانەی باسی سیفات دەکەن وەکو :

ئایەتەکانی تووڕەبون:

قوله تعالى (الرّحْمَن الرّحِيم)

قوله تعالى (غيرِ المَغْضوب عليهم) الفاتحة : ٧ .

(وباؤوا بغضبٍ من الله) من البقرة : ٦١ .

قوله (وغضب الله عليه ولعنه) النساء : ٩٣.

ئەمانە بەڵگەنە بۆ سیفەتی تورەبوون.

ئایەتەکانی هاتنی الله عزوجل:

قوله تعالى (هل يَنْظرُونَ إلا أنْ يَأتيهم اللهُ فى ظُللٍ مِنْ الغَمَام) البقرة : ٢١٠ .

(هل يَنظرونَ إلا أنْ تَأتيهم الملائكةُ أو يأتى ربُّك أو يأتى بعضُ آياتِ ربك) الأنعام : ١٥٨ .

قوله تعالى (وجاء ربُّك والملك صَفْاً صفاً) الفجر : ٢٢.

ئەمەشیان جێگیر دەکەین بەو شێوەی هاتوە تەئویلی باتڵی بۆ ناکەین.

ئایەتەکانی ئیسپاتکردنی دەست:

قوله تعالى (بلْ يَدَاهُ مَبْسُوطتان) المائدة : ٦٤.

ئەمە ئیسپاتی دەستە بۆ الله عزوجل بەبێ چۆنیەتیی و، چواندن و نمونە هێناوە .

قوله (ما مَنعكَ أنْ تسْجدَ لما خَلقتُ بيَدَيّ) ص : ٧٥.

قوله (يدُ الله فوقَ أيْديهم) الفتح : ١٠

بەهەمان شێوە ئەمانە ئیسپاتی دەستن بۆ الله عزوجل بەبێ چۆنیەتیی و چواندن و نمونە هێناوە.

دواتر ئایەتەکانی ئیسپات کردنی "ڕاستە":

قوله تعالى (والسّمواتُ مطْوياتٌ بيمينه سُبْحانه وتَعالى عمّا يُشْركون) الزمر : ٦٧ .

ئەمەشیان ئیسپاتکردنی سیفەتی "ڕاستەیە" بۆ الله عزوجل بەبێ چۆنیەتیی و چواندن و نمونە هێناوە.

قوله (ولو تقوّل عَلينا بعضَ الأقاويل * لأخَذْنا منه باليَمِين) الحاقة : ٤٤-٤٥.

بەهەمان شێوە ئەمەشیان ، پێچەوانەی ئەو تەئویلە فاسدەی کە دەڵێن: اليمين واته : القُدرة . توانایی الله عزوجل.

ئایەتەکانی ئیسپات کردنی "وجه":

قوله تعالى (فَثَمّ وجْهُ الله) البقرة : ١١٥ .

وكذلك قوله (يُريدون وجْهه) الأنعام : ٥٢ .

قوله (ويَبقى وجه ربِّك ذُو الجَلال والإكرام) الرحمن : ٢٧.

جگە لەمانەش ئیسپاتی "وجه" بۆ الله عزوجل بەبێ لێکچواندن و چۆنیەتیی و نمونە هێناوە ، بەو شێوە ئیسپاتی دەکەین کەوا شایستە و شیاوی الله عزوجل بێت.

ئایەتەکانی چاو و بینین:

قوله تعالى (ولتصْنعْ على عَيْنى) طه : ٣٩ .

قوله (واصْنع الفلك بأعيننا ووحينا) هود : ٣٧.

قوله (واصْبر لحُكم ربّك فإنك بأعْيُننا) الطور : ٤٨.

ئەمانە ئیسپاتی چاو و بینینە بۆ الله سبحانه و تعالى، بەو شێوەی شایستەی خۆیەتی بەبێ چۆنیەتیی و لێکچواندن.

پێچەوانەی ئەو تەئویلە فاسدەی دەڵێ:

مانای پارێزگاری و چاودێرییە.

ئایەتەکانی حەیاء:

قولە تعالی (إنّ الله لا يَسْتحيي) البقرة : ٢٦.

ئەمە ئیسپاتی ئەو سیفەتەیە بەو شێوەی شایستەیەتی بێ لێکچواندن و چۆنیەتیی و نمونە هێنانەوە.

-قولە تعالی (وهُو القَاهر فوقَ عباده) الأنعام : ١٨، ٦١ .

(يَخَافُون ربّهم مِنْ فوقِهم) النحل : ٥٠ .

قولە (إليه يَصْعدُ الكلمُ الطّيب) فاطر : ١٠ .

ئایەتەکانی خۆشویستن:

قولە تعالی (فاتبعونی يُحببكم الله) آل عمران : ٣١ .

هەروەها ئەیەتەکانی : (إنّ الله يُحبُّ المتقين) ، (إن الله يُحب المحسنين) ، (إن الله يحبُّ التوابين ويُحب المتطهرين) ، (والله يُحب الصابرين).

ئەمانە هەمووی ئیسپاتی سیفەتی خۆشەویستییە بەو شێوەی شایستەیەتی و شیاویەتی.

ئایەتەکانی ڕق لێبونەوە یان خۆشنەویستن:

قوله تعالى (ولكنْ كَرِهَ الله انْبعاثهم) التوبة : ٤٦.

ئیسپاتی سیفاتی "کەراهیەت"ە.

نزیکە لەو مانایەوە کەوا الله عزوجل ئەوانەی خۆش ناوێ وەکو:

(والله لا يُحبُّ الظالمين) [ال عمران : ٥٧]

(فإنّ الله لا يُحب الكافرين) [ال عمران : ٣٢]

(والله لا يُحب المفسدين) [المائدة: ٦٤]

ئایەتەکانی ڕەزامەندبوون ، لێ ڕازیبوون:

قوله تعالى (رَضِى اللهُ عنْهم) التوبة : ١٠٠ .

قوله تعالى (يهدى به الله من اتبع رضوانه) المائدة : ١٦ .

ئەمانەش ئیسپاتی ڕەزامەندییە بەو شێوەی شایستەیەتی پێچەوانەی ئەو تەئویلە فاسدەی دەڵێ : بە مانای پاداشت دێ.

هەموو ئەو ئایەتانە و فەرموودانەی بەو شێوە هاتوون وەریان دەگرین و بڕوایان پێدەکەین، هەروەها ئیمانمان پێی هەیە بە بێ ئەوەی لێکچواندنی بۆ بکەین ، یان نمونەی بۆ بهێنینەوە ، یان تەئویلی بکەین و پەکی بخەین.

مكان (حد) بڕیاردانی شوێن بۆ الله عزوجل.

پێشەوا **الحميدي** دەڵێت:

وَنَقُولُ: الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى. [طه: ٥]

واتە : دەڵێین : خوای تعالی لەسەر عەرشە.

کەواتە جێگای هەیە، پێچەوانەی ئەشاعیرە و گروپەکانی تر کە دەڵێن : بەهیچ جۆرێک نابێ جێگا بۆ خوا بڕیار بدەین ، چونکە خۆی دروستکاری کات و شوێنە ! تەنانەت ئەشاعیرە لەو باسە هێندە توندن دەڵێن : هەریەك بڵێ : خوا جێگای هەیە (کافرە).

ئاو ئایەتانەی باس لەوە دەکەن:

قال -تعالى-: (الرَّحمـنُ عَلَى العَرشِ استَوى). "سورة طه: ٥"

قال -تعالى-: (إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّـهُ الَّذى خَلَقَ السَّماواتِ وَالأَرضَ فى سِتَّةِ أَيّامٍ ثُمَّ استَوى عَلَى العَرشِ). "سورة الأعراف: ٥٤"

قال -تعالى-: (اللَّـهُ الَّذى رَفَعَ السَّماواتِ بِغَيرِ عَمَدٍ تَرَونَها ثُمَّ استَوى عَلَى العَرشِ). "سورة الرعد: ٢"

قال -تعالى-: (الَّذِى خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ الرَّحْمَـنُ فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا). "سورة الفرقان: ٥٩"

قال -تعالى-: (اللَّـهُ الَّذِى خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ). "سورة السجدة: ٤"

قال -تعالى-: (هُوَ الَّذِى خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ). "سورة الحديد: ٤"

قال -تعالى-: (إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّـهُ الَّذى خَلَقَ السَّماواتِ وَالأَرضَ فى سِتَّةِ أَيّامٍ ثُمَّ استَوى عَلَى العَرشِ). "سورة يونس: ٣"

یەکێکی تر لەبنەماکانی ئەهلی سوننەی سەلەفی ئوممەت ئەوەیە کە دانیان ناوە بەوەی اللە لەسەر عەرشە؛ واتە بەرزە پێچەوانەی گروپە گومڕاکانی تر کەوا دان بەو باسە دانانێن.

پێشەوا **مالیك** کە دەڵێت: قال تعالى: الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى [طه:٥]

والإستواء منه غير مجهول و الكيف غير معقول والإمان به واجب والسؤال عنه بدعة. (١)

دەڵێم : ئەو بەشەیان هەر پەیوەستە بەوەی سەرەوە تایبەتە بەوەی اللە عزوجل لە ئاسمانە و، ئیجماعی ئەهلی سوننەی لەسەرە.

ئەو ئەسەرەی پێشەوا مالك یەکێکە لە بەناوبانگترین و ناسراوترین ئەسەرەکان، بەجۆرێک کتێبە بیروباوەڕییەکانی پێشەوایانی سەلەف و جگە لە ئەوانیشی پڕ کردووە لە قسەکردن لەسەر ئەو باسە.

ئەسڵی ئەو باسە (وەڵامە)، چونکە پرسیاری لێکراوە و وەڵامەکەی بەو شێوە داوەتەوە، ئەسەرەکە لەڕووی صحەتەوە (**صحيح**) و ڕوونە

(١) (الشريعة للآجري ٧٠٢)

وەکو ڕۆژی ڕوناك، لە دە ڕێگەی جیاواز هاتووە زۆرینەیان صەحیحن ، بۆیەش وادەڵێم؛ چونکە (**موخالفین**) ڕەددی دەدەنەوە و ڕەتی دەکەنەوە بەوەی لاوازە، تەنانەت هەندێکیان دەستکاری دەستەواژەی (**الإستواء غیر مجهول**) کردووە، کردوویانە بە (**مجهول**) بە تەنها ، سەیرکەن باسەکە لەیەک وشەیە و شەڕی یەک وشەیە، چۆن؟

چونکە کۆدەنگی ئەهلی سوننەی لەسەرە لە سەلەف و خەلەف، بەوەی (**الإستواء غیر مجهول**) واتە (**معلومە _ زانراوە**) وەك چۆن لە ڕیوایەتی عەقیدەی سەلەفی الصابوني هاتوو بەوەی (**الإستواء**) (**معلوم**) واتە بەرزبونەوەی الله عزوجل بۆ سەرووی ئاسمان ڕوون و ئاشکرایە و، زانراوە و دانی پێدانراوە کەوا لە سەرووی عەرشەوەیە.

بەڵام ؛ ئەوەی ناڕوونە و دیار نییە و نازانرێ، یان نابێ مرۆڤی موسڵمان هەوڵی زانینی بدات (چۆنیەتییەکەیەتی) واتە (بڵێین چۆنە و چۆن نییە) لەبەر ئەوەی کاتێک ئەو پرسیارە لە پێشەوا مالک دەکرێ دەڵێ : ئەی **مالك الرحمن علی العرش استوی** . دەڵێ (**کیف استوی یا أبا عبدالله**) لێرەدا پێشەوا مالك دەڵێن : هێندە تۆڕە دەبێت لەهیچ باسێک وا

تۆڕە نەبووە، بە جۆرێک سەری کز دەکات و ئاخ هەڵدەکێشی لەبەر قورسی و گەورەیی و مەترسی پرسیارەکە، بۆچی ؟ چونکە پرسیارەکە چوونە نێو وردەکارییەکی حەڕام کراوە ، واتە نابێ بە دوای چۆنیەتییەکەیدا بچیت ، چونکە پێشەوا مالك دەفەرموێ (**والسؤال عنه بدعة**) واتە پرسیارکردن لێی ڕێگە پێدراو نییە و بیدعەیە.

بەڵکو ئەوەی لەسەر ئێمەی موسڵمانە ئەوەیە دان بنێین بەو باسە، بە بەرزبونەوەی الله عزوجل بەوەی لە ئاسمان و سەرووی عەرشەوەیە و، باوەڕی پێ بێنین، چونکە قسەی پێشەوا مالك و کۆدەنگی سەلەفی ئوممەتی لەسەرە بەوەی (**والإيمان به واجب**) واتە پێویستە و واجب کراوە لەسەرمان کەوا بڕوای پێبهێنین.

نە لەکاری بخەین، نە تەئویلی بێ بنەمای بۆ بکەین ، چونکە موخالفین دەڵێن (**استولى**) واتە: دەڵێن الله عزوجل دەستی بەسەرداگرتوە و زاڵ بووە بەسەری ، بەڵام ئەو لێکدانەوەیە ڕەتکراوە و ناپەسەندە.

سەبارەت بەوەی الله لە ئاسمانە ئەی چۆن ئاگای لە بەندەکانیەتی؟

الله عزوجل لە ئاسمانە ، بەڵکو زانست و زانیارییەکەی هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە ،هیچ شوێنێک لە عیلمی الله تعالی بەدەر نابێ ، الله تعالی دەفەرموێت : {مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَا أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَا أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا} . [1] [المجادلة: ٧]

کەواتە مەرجە موسڵمان دان بەوە بنێت الله لە ئاسمانە؛ چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەستویەتیەوە بە (باوەڕ و شرك)، کاتێک پرسیار لە جاریەکە دەکات و لێی دەپرسێت الله لە کوێیە؟

دەڵێت : لە ئاسمانە .

دەفەرموێت : ئازادی بکەن؛ چونکە ئەو ئیماندارە.

هەر بۆیە واجبە لەسەر موسڵمان دان بەوە بنێت و بزانێت و بیروباوەڕی وابێت کە الله لەئاسماندایە و زانست و زانیاری لە هەموو شوێنێکە ،

(١) (السنة لعبدالله ١١,١٩٩ و الشريعة للآجري ٧٢٠)

پێچەوانەی عەقیدەی گروپە گومڕاکان کەوا هەندێکیان ئەو ئایەتە بەوە تەفسیر دەکەن کە: الله لەگەڵمانە لە هەموو شوێنێک، بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ تەفسیری پێشەوایانی سەلەف لە بارەی ئەو ئایەتەوە.

ابن جرير الطبري لە : **الضحاك** ەوە هێناویەتی ، في قوله: (مَا يَكُونُ مِنْ نَجْوَى ثَلاثَةٍ) ... إلى قوله: (هُوَ مَعَهُمْ) قال: هو فوق العرش وعلمه معهم (أَيْنَمَا كَانُوا ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) [المجادلة: ٧].

لەبارەی (هُوَ مَعَهُمْ) واتە ئەو خۆی (الله عزوجل) لە سەرووی عەرشەوەیە ، بەڵام زانست و زانیارییەکەی لەگەڵیانە.

هەروەها لە پێشەوا سفيان الثوري هاتووە لەبارەیی ئەو ئایەتەوە دەفەرموێ : بە زانستەکەی لەگەڵیانە.

إبن كثير لە تەفسیری ئەو ئایەتە ئیجماع نەقڵ دەکات بەوەی مەبەست پێی: زانست و زانیاری الله عزوجل ـە.

کەواتە بیروباوەڕی ڕاست و دروست لەوبارەوە ئەوەیە: پێمان وابێت اللە عزوجل لە ئاسمانە و، زانست و زانیارییەکەی هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە.

معاویەی کوڕی حەکەم دەڵێ : ڕۆیشتمە لای پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم پێمگوت : ئەی پێغەمبەری اللە من (ئافرەتی خزمەتکار_ بەندە)جاریەکم هەیە کەوا چاودێری مەڕەکانم دەکات ، ڕۆژێک هاتەوە یەکێ لە مەڕەکانم ون کردبوو ، منیش پرسیارم لێی کرد ؟

گوتی : گورگ خواردی ، منیش خەمم بۆی خوارد و لە دڵم گران بوو ، هەڵبەتە منیش لە نەوەی ئادەمم ، شەقێکم لە دەموچاوی دا ، خۆ من هەر ئازادکردنی کۆیلەیەکم لەسەرە ، ئایا ئازادی بکەم ؟

پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم بە ئافرەتەکەی فەرموو : اللە لەکوێیە ؟

گوتی: لە ئاسمانە ، ئینجا پێی فەرموو : من کێم ؟

گوتی : پێغەمبەری اللە ی .

جا پێغەمبەری خوا فەرمووی: ئازادی بکە؛ ئەوە ئیماندارە.[1]

(١) والحديث له رواية أخرى فيها أن الجارية لم تكن خرساء ولعله حديث آخر. =

أبو سعيد الدارمي دەڵێ : «أعتقها_ ئازادی بکە» لەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گەر بێت و پیاو نەزانێت الله له ئاسمانە ، ئەوا ئیماندار نییە، گەر هاتوو کۆیلە بوو ، ئازاد بکرێ جێگای ئازادکردنی کۆیلەیەکی ئیماندار ناگرێتەوە ، ئەگەر بێت و نەزانێت الله له ئاسمانە ، ئایا نابینی پێغەمبەر ﷺ نیشانەی ئیمانی بەوە دیاریکرد کە بزانێ الله له ئاسمانە .[1]

ئەبو سعيد دارمي دەڵێ : لە دەربڕینی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کاتێ پێی فەرموو : [أين] واتە لەکوێیە ؟ ئەمەش بەدرۆخستنەوەی قسەی ئەوانەیە کە دەڵێن : الله له هەموو شوێنێکە .[2]

= والحديث أخرجه أبو داود كتاب الصلاة باب تشميت العاطس في الصلاة، والترمذي كتاب الطلاق واللعان باب ما جاء في كفارة الظهار، والنسائي في كتاب السهو باب الكلام في الصلاة، ومالك في الموطأ: ٧٧٧ و وهم في اسم الصحابي فقال: عمر بن الحكم، وعنه الشافعي في مسنده:، وفي الرسالة: فقرة ٢٤٢، وكذا ابن خزيمة في التوحيد: ١٢١، والدارمي في الرد على الجهمية: ٣٧، كما أخرجه ابن أبي عاصم في السنة: ١/ ٢١٥، والبيهقي في الأسماء والصفات: ٥٣٢، جميعهم عن معاوية بن الحَكَمِ السُّلَمِيِّ:

(١) الرد على الجهمية للدارمي ٦٣ .

(٢) الرد على الجهمية للدارمي ٦٤ .

مەبەستی لەوەیە کە دەگوترێ : فلان لەکوێیە؛ واتە شوێنێکی دیاریکراوی هەیە و تایبەتە، چونکە لە کوێیە بۆ شتێک بەکاردێ کەوا شوێنی دیاریکراوی هەبێ.

ئەبوسعید دارمي دەڵێ : الله تبارک وتعالى لەسەر عەرشەکەیەتی، لەسەرووی ئاسمانەکان ، لە دروستکراوەکانی جیابۆتەوە ، هەر کەسێک الله بەوە نەناسێت؛ ئەوا ئەو خوایەی نەناسیوە کە دەیپەرستێ ، هەروەها الله زانست و زانیاری لە سەر عەرشەوە هەیە بە بچوکترین دروستکراوەکانی و، بە کەمترین ژمارەشیان ، هیچ شتێک لێی ون نابێ ، {لا يعزب عنه مثقال ذرة في السموات ولا في الأرض} پاکی و بێگەردی بۆ الله بەو وەسف و سیفەتەی پەکخەرەکان بۆی دەکەن .[1]

پێشەوا **دارمي** لە **عبداللەی کوڕی موبارەك** هەوە هێناویەتی دەڵێ:

پرسیاریان لێی کرد چۆن الله عزوجل بناسینەوە ؟

(١) الرد على الجهمية للدارمي ٦٦ .

گوتی: بەوەی لە سەرووی ئاسمانی حەوتەمەوەیە لەسەر عەرش ، لە دروستکراوەکانی جیابۆتەوە .[1]

دەڵێم: پێشەوا ئەبو سعیدی دارمي دەڵێ : فەرموودە و ئەثەر لەو بارەوە گەلێ زۆرن؛ ڕووون و ڕەوانن، سوپاس بۆ الله ، ئینجا کۆمەڵێ فەرموودە دێنێ لەوانە: ڕەحم بەوانەی سەر زەوی بکەن ، ئەوەی لە ئاسمانە ڕەحمتان پێ دەکات ، هەروەها فەرموودەی : کاتێ باران ببارییایە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خۆی دەدایە بەر باران و دەیگوت: نزیکە لە الله وە ، دەی ئەگەر لە ئاسمان نەبێ؛ چۆنە باران لە ئاسمان دەبارێت و نزیکە لەوەوە ؟ .

کەواتە ئەو فەرموودە و ئەسەرانە بەڵگەی ڕوونن بۆ ئەوەی الله عزوجل لە ئاسمانە؛ لەسەر عەرشەوەیە، بێ لە زەوی.

قال الله عز وجل :

(يُدَبِّرُ الْأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ). [السجدة : ٥]

(١) الرد على الجهمية للدارمي ٦٧ .

وقال تعالى : (أَأَمِنتُم مَّن فِي السَّمَاءِ أَن يَخْسِفَ بِكُمُ الْأَرْضَ). [الملك : ١٦].

وقال: (أَمْ أَمِنتُم مَّن فِي السَّمَاءِ أَن يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا). [الملك : ١٧]

وقال: (إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ). [الفاطر: ١٠]

حوکمی ئەوانەی پێچەوانەی ئەم بیروباوەڕەن

پێشەوا **الحميدي** دەڵێت :

وَمَنْ زَعَمَ غَيْرَ هَذَا فَهُوَ مُعَطِّلٌ جَهْمِيٌّ .

هەریەکێک پێچەوانەی ئەوانە بڵێت، ئەوا پەکخەر و جەهمییە .

واتە : لە پێشدا هەموو شتەکانمان ڕوونکردەوە و باسمان کرد، هەریەکێک پێچەوانەی ئەو قسانەوە بڵێ : ئەوا پەکخەرە و جەهمییە ، جەهمییەکانیش حوکمیان ڕوون و ئاشکرایە کەوا لە دین دەرچوون.

جیاوازی نێوان خەواریج و ئەهلی سوننە

پێشەوا **الحميدي** دەڵێ:

وَأَنْ لاَ نَقُولَ كَمَا قَالَتِ الْخَوَارِجُ: مَنْ أَصَابَ كَبِيرَةً فَقَدْ كَفَرَ .

ئێمە واناڵێین وەکو چۆن خەواریج گوتیان : هەریەکێک تاوانێکی گەورە ئەنجام بدات کافرە.



یەکێکی تر لە بنەما و بیروباوەڕەکانی ئەهلی سوننەی سەلەفی ئوممەت بریتییە لەوەی: نابێ هیچ موسڵمانێکی یەکخواپەرستی ئەهلی قیبلە بە هۆی ئەنجامدانی تاوانێک تەکفیر بکرێ ، هەرچەند تاوانی گەورەشی ئەنجام دابێت ، وەکو ئەوەی "دزی بکات ، زینا بکات ، مەشروب بخواتەوە ، هتد" ئەوانە تاوانن ، گوناهی گەورەن؛ بەڵام بەهیچ جۆرێك

خاوەنەکەی پێی کافر نابێ ، تەنیا مەگەر تاوانەکە بە حەڵاڵ بزانێت ، چونکە حەڵاڵێك حەڕام دەکات ، یان حەڕامێك حەڵاڵ دەکات ، ئەوکات کافر دەبێ، بێگومان خەواریج بەو شێوە بوون ، ئێستاش بەو شێوەن ، بەڵام ئەوە پێچەوانەی بیروباوەڕی سەلەفی ئوممەتە ، خەواریج یەکەم گروپی گومڕابوون کەوا ئەهلی قیبلەیان بە تاوان تەکفیر کرد ، هەروەها حوکمیان بەسەریان دا کە هەتاهەتای لەنێو ئاگر دان ، هەر ئەوانیش بوون لە دژی پێشەوا علی دەرچوون ، گەورەترین مونازەڕە پێشەوا إبن عباس لەگەڵی کردوون ، سێ هەزاریان گەڕانەوە لەو دانیشتنە، واتە دوای مونازەڕەکە.

پێشەوا **ئەحمەد** دەڵێت : واز لە نوێژکردن ناهێنین لەسەریان، هەروەها واز لە داوای لێخۆشبوونیش ناهێنین بۆیان بە هۆی تاوانێکی بچووک یان گەورە کە ئەنجامی دابێ، ئەو باسەیان تایبەتە دەچێتە چوار چێوەی (ولانكفر أهل القبلة بذنوبهم).

أبوحاتم الرازي و أبو زرعة الرازي لە ئیجماع دەڵێن:

هەروەها ئەهلی قیبلە تەکفیر ناکەین بەهۆی تاوان، بار و حاڵیان بۆ اللە دەگەڕێنینەوە .[1]

المزني دەڵێ:

دەستهەڵگرتن لە تەکفیری ئەهلی قیبلە .[2]

دەڵێم : کە دەڵێ : دەستهەڵگرتن لە تەکفیری ئەهلی قیبلە؛ واتە بەهۆی تاوانێکەوەیە، ئینجا بچووک بێ یان گەورە.

إبن أبي زمنين دەڵێ:

ئەهلی سوننە لە داوای لێخۆشبوونکردن لە اللە بۆ کەس لە ئەهلی قیبلە ڕێگری ناکەن ، واشی نابینن نوێژ نەکرێ لەسەر کەسێکیان کە بمرێ ، گەرچی لەوانەش بێت کە زیادەڕەویان کردبێ لە سەر نەفسیان (واتە تاوانیان کردووە)، اللە عزوجل بە پێغەمبەرەکەی صلی اللە علیە وسلم دەفەرموێ :[3]

(١) عقيدة الرازيين .

(٢) شرح السنة للمزني .

(٣) أصول السنة لإبن أبي زمنين ج لاپەڕە ٢٢٤ .

(وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ) [محمد : ١٩]

(وَصَلِّ عَلَيْهِمْ ۖ إِنَّ صَلَاتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ) [التوبة : ١٠٣]

پێشەوا **شافعی** و **مالیك** یش وادەڵێن : لە کتێبەکانیان ئاماژەم پێیان داوە. ئەوانە و دەیان بەڵگەی تر کە کۆدەنگی ئەهلی سوننەی سەلەفی ئوممەتە لەسەر ئەو باسەی باسمان کرد.

پێشەوا **الحميدي** دەڵێ:

وَلاَ تَكْفِيرَ بِشَيْءٍ مِنَ الذُّنُوبِ، إِنَّمَا الْكُفْرُ فِي تَرْكِ الْخَمْسِ الَّتِي قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: « **بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَإِقَامُ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءُ الزَّكَاةِ، وَصَوْمُ رَمَضَانَ، وَحَجُّ الْبَيْتِ** » .

فَأَمَّا ثَلاَثٌ مِنْهَا فَلاَ تُنَاظِرْ تَارِكَهُ مَنْ لَمْ يَتَشَهَّدْ وَلَمْ يُصَلِّ وَلَمْ يَصُمْ لأَنَّهُ لاَ يُؤَخَّرُ شَيْءٌ مِنْ هَذَا عَنْ وَقْتِهِ وَلاَ يُجْزِئُ مَنْ قَضَاهُ بَعْدَ تَفْرِيطِهِ فِيهِ عَامِدًا عَنْ وَقْتِهِ، فَأَمَّا الزَّكَاةُ فَمَتَى مَا أَدَّاهَا أَجْزَأَتْ عَنْهُ، وَكَانَ آثِمًا فِي الْحَبْسِ، وَأَمَّا الْحَجُّ فَمَنْ وَجَبَ عَلَيْهِ وَوَجَدَ السَّبِيلَ إِلَيْهِ، وَجَبَ عَلَيْهِ،وَلاَ يَجِبُ عَلَيْهِ فِي عَامِهِ ذَلِكَ حَتَّى لاَ يَكُونَ لَهُ مِنْهُ بُدٌّ مَتَى أَدَّاهُ كَانَ مُؤَدِّيًا، وَلَمْ يَكُنْ آثِمًا فِي تَأْخِيرِهِ، إِذَا أَدَّاهُ كَمَا كَانَ آثِمًا فِي الزَّكَاةِ لأَنَّ الزَّكَاةَ حَقٌّ لِمُسْلِمِينَ مَسَاكِينَ حَبَسَهُ عَلَيْهِمْ فَكَانَ آثِمًا حَتَّى وَصَلَ إِلَيْهِمْ، وَأَمَّا الْحَجُّ فَكَانَ فِيمَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ رَبِّهِ إِذَا أَدَّاهُ فَقَدْ أَدَّى، وَإِنْ هُوَ مَاتَ وَهُوَ وَاجِدٌ مُسْتَطِيعٌ وَلَمْ يَحُجَّ سَأَلَ الرَّجْعَةَ إِلَى الدُّنْيَا أَنْ يَحُجَّ وَيَجِبُ لأَهْلِهِ أَنْ يَحُجُّوا عَنْهُ وَنَرْجُو أَنْ يَكُونَ ذَلِكَ مُؤَدِّيًا عَنْهُ، كَمَا لَوْ كَانَ عَلَيْهِ دَيْنٌ فَقُضِيَ عَنْهُ بَعْدَ مَوْتِهِ. - تَمَّ الْكِتَابُ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَحْدَهُ وَصَلَّى اللَّهُ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ وَأَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ أَجْمَعِينَ وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا كَثِيرًا.

هیچ کەس بە تاوانکردن تەکفیر ناکرێ ، بەڵکو کوفرکردن لە وازهێنانی ئەو پێنج شتەیە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم دەفەرموێ : ئیسلام لەسەر پێنج بنچینە دامەزراوە : شایەتومانی **أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا**

رَسُولُ اللَّه ، نوێژکردن ، زەکاتدان ، ڕۆژووی ڕەمەزان ، حەجی ماڵی خوا "

سییانیان هیچ مەجالێکی تێدانییە، مونازەڕەش لەگەڵ ئەو کەسە ناکرێ کە نایکات ،هەریەك "شەهادە نەهێنێت ، نوێژ نەکات ، ڕۆژوو نەگرێ" ، ئەو سێ یە جێگیرە و قسەی لەسەر نییە، لەبەرئەوەی هیچ یەك لەوانە لەکاتی خۆی تاخیر ناکرێ ، کە تاخیری دەکات لەکاتی خۆی بە ئەنقەست پاداشت وەرناگرێ ، سەبارەت بە زەکات: هەرکاتێک جێبەجێی بکات پاداشت وەردەگرێت ، گەرچی تاوانباریش دەبێ، بەهۆی هێشتنەوەی لا خۆی ، سەبارەت بە حەج: هەریەك لەسەری واجب بێ (تەمەنی بالغ بوبێ) ڕێگایەکی دۆزیەوە بۆ ئەوەی بیکات ، ئەوا واجبە لەسەری ، جا لەسەر خەڵك واجب نییە بەگشتی ، هەرکاتێکیش ئەنجامی بدات ئەوە پاداشت وەردەگرێت ، گوناهباریش نابێت لە تاخیرکردنی ئەگەر ئەنجامی بدات ، وەکو زەکات نییە، کەوا بە تاخیرکردنی گوناهبار ببێ، چونکە زەکات مافی موسڵمانە هەژارەکانە ، هێشتنەوە و ڕاگرتنی گوناهە هەتا پێیان دەگات ، هەرچی حەجە ئەوا لەنێوان خۆی و خوای تعالی یە ، ئەگەر ئەنجامی دا ئەوا ئەنجامی داوە، ئەگەر مرد و توانای

ئەنجامدانی حەجی هەبوو نەیکرد ، داوای لێدەکرێ بگەڕێتەوە دونیا تاوەکو حەج بکات_مەبەست کردنەکەیە_ ، پێویستە لەسەر کەسوکاری کەوا حەجی بۆ بکەن ، ئومێد وایە ئەمە پاداشتی لەسەر وەربگرێ ، وەکو چۆن ئەگەر قەرزی لەسەر بێت و دوای مردنی بۆی بدەنەوە.

پێشەوا **الحميدي** دەڵێ:

هیچ کەس بە تاوانکردن تەکفیر ناکرێ ، بەڵکو کوفرکردن لە وازهێنانی ئەو پێنج شتەیە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم دەفەرموێ : ئیسلام لەسەر پێنج بنچینە دامەزراوە : شایەتومانی **أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّه** ، نوێژکردن ، زەکاتدان ، ڕۆژووی ڕەمەزان ، حەجی ماڵی خوا " .

شیکردنەوە

لە پێشدا باسمان کرد کە جیاوازی نێوان خەواریج و ئەهلی سوننە چییە لەو بارەوە ، ئەوەی تیشکی دەخەینە سەر ئەوانەیە کەوا دەڵێ هەریەکێک ئەو پێنجە ئەنجام نەدات کافرە، ئەوانیش:

١ /شەهادەت نەهێنێ .

٢ /نوێژی نەکات.

٣ /ڕۆژوو نەگرێت .

٤ /زەکات نەدا.

٥ /حەج نەکات.

پێشەوا الحميدي دەڵێ:

سێ دانەیان هیچ مەجالێکی تێدا نییە، ئەوەی نەیکات کافرە، ئەویش:

١ /شەهادەت نەهێنێ .

٢ /نوێژی نەکات.

٣ /ڕۆژوو نەگرێت .

ئەم باسە وردەکاری و ڕوونکردنەوەی پێویستە.

سەبارەت بە شەهادەت نەهێنان کەوا ڕوکنێکی گرنگی ئیسلامە، یەکەم پایە بۆ ئەوەی کەسێك بێتە نێو بازنەی ئیسلامەوە دەبێ شەهادەت بێنێت، شەهادەت هێنانیش دانپێدانانە بە یەکخواپەرستی و شوێنکەوتنی ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ .

لە کتێبی (پێشەوا شافعی) بە وردی ئەو باسەم شیکردۆتەوە .

ئەو شتانەی کەوا خوێن حەڕام دەکەن:

عن أنس بن مالك عن النبي صلى الله عليه‌وسلم : مَن صلّى صلاتَنا واستَقبَل قِبلَتَنا وأكَل ذَبيحَتَنا فذاكَ المُسلِمُ له ذِمَّةُ اللهِ ورسولِه.[1]

عن حميد بن أبي حميد الطويل: سَأَلَ ميمونُ بنُ سِياهٍ أنسَ بنَ مالِكٍ، قال: يا أبا حَمزةَ، ما يُحَرِّمُ دمَ المُسْلِمِ ومالَهُ؟ فقال: مَن شَهِدَ أنْ لا إلهَ إلّا اللهُ، وأنّ محمَّدًا رسولُ اللهِ، واستَقْبَلَ قِبْلَتَنا، وصَلّى صلاتَنا، وأَكَلَ ذَبِيحتَنا، فهو مُسْلِمٌ، له ما للمُسْلِمينَ، وعليه ما على المُسْلِمينَ.[2] .

(١) أخرجه البخاري (٣٩١) باختلاف يسير، والنسائي (٤٩٩٧) مختصرًا، وابن عدي في «الكامل في الضعفاء» (٤١٤/٦) واللفظ له

(٢) النسائي ٣٩٧٨ • صحيح • أخرجه البخاري (٣٩٣)، والنسائي (٣٩٦٨) واللفظ له • شرح رواية أخرى

ئەوەی شایەتومان بێنێت ، ئەوەی نوێژ بکات ، ئەوەی ڕووبکاتە قیبلەمان ، ئەوەی سەربڕاومان بخوات ، (ئەو شتانە دەپارێزن و خوێنی حەڕام دەکەن).

سەبارەت بەو کەسەی نوێژ ناکات

حوکمی "تارك الصلاة" لە فەرموودەکان:

پێشەوا **ئەبو داود** لە سنن لە کتاب السنة باسێکی داناوە بە ناوی:

-بَابٌ : فِي رَدِّ الْإِرْجَاءِ

حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ حَنْبَلٍ ، حَدَّثَنَا وَكِيعٌ ، حَدَّثَنَا سُفْيَانُ ، عَنْ أَبِي الزُّبَيْرِ ، عَنْ جَابِرٍ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " **بَيْنَ الْعَبْدِ وَبَيْنَ الْكُفْرِ تَرْكُ الصَّلَاةِ** ". (١)

واتە ڕەددانەوەی ئەهلی ئیرجائ، ئینجا ئەو فەرموودەی هێناوە دەفەرموێ: لەنێوان بەندە و نێوان کوفر دا وازهێنانە لە نوێژ.

مەبەستی پێشەوا ئەبو داود لەوە موڕجیئەکانە، چونکە لە بابەتی ئیمان پێچەوانەی ئەهلی سوننەن ، بۆیە تەکفیری ئەو کەسە ناکەن کەوا نوێژ ناکات ، لەبەرئەوەی بنەمای ئیمان لای ئەوان ئاوایە، بە نەکردنی پێی لە

(١) صحيح مسلم: ٨٢, ٨٢, سنن الترمذي: ٢٦١٨, ٢٦٢٠, سنن النسائي: ٤٦٤, سنن ابن ماجه: ١٠٧٨, سنن الدارمي: ١٢٦٩, مسند أحمد: ١٤٩٧٩, ١٥١٨٣

دین دەرناچیت ، بەڵام ئەهلی سوننە بەتێکڕا پێیان وایە هەریەك نوێژ نەکات پێی لە دین دەردەچێت.

بەو شێوەیە:

ئیمامی ترمذي بەو شێوانەش هێناویەتی:

بَيْنَ الْكُفْرِ وَالْإِيمَانِ تَرْكُ الصَّلَاةِ ."

بَيْنَ الْعَبْدِ وَبَيْنَ الشِّرْكِ - أَوِ الْكُفْرِ - تَرْكُ الصَّلَاةِ ."

حوکمی نوێژنەکەر لای هاوەڵان :

هەروەها پێشەوا ترمذي لە سنن ئیجماعێک نەقڵ دەکات لە :

عَبْدِ اللَّهِ بْنِ شَقِيقٍ الْعُقَيْلِيِّ قَالَ : كَانَ أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَا يَرَوْنَ شَيْئًا مِنَ الْأَعْمَالِ تَرْكُهُ كُفْرٌ غَيْرَ الصَّلَاةِ. (١)

واتە: هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ وازهێنانیان لە هیچ کردەوەیەک بە کوفر نەدەبینی جگە لەنوێژ نەبێت ، کەوا وازهێنانی کوفرە .

(١) سنن الترمذي ٢٦٢٢ ، تعظيم القدر الصلاة ٩٤٨ ، والإيمان لإبن أبي شيبة ١٣٧ .

مجاهيد دەڵێ : بە جابری کوڕی عبداللەم گوت : چ شتێک جیاکەرەوەی نێوان کوفر و ئیمان بوو لاتان؛ لە کردەوە لەسەردەمی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ؟ فەرمووی : نوێژ.(١)

يزيد الرقاشي دەڵێ : بە (أنس بن مالک)م گوت : ئا لێرانەدا کەسانێک هەن شاهێدی کوفرمان لەسەر دەدەن و حەوز و شەفاعەتیش بە درۆ دەزانن ، ئایا شتێکت لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم بیستوە لەو بارەوە ؟

فەرمووی : بەڵێ گوێم لێی بوو دەیفەرموو : لەنێوان بەندە و کوفر و شیرکدا نوێژە؛ ئەوەی وازی لێ بێنێت شیرکی بڕیار داوە .(٢)

أبو المليح دەڵێ : ئێمە لەگەڵ بریدة دا بووین لە ڕۆژێکی تەماویدا ، فەرمووی : پەلەبکەن لە نوێژدا ، چونکە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم

---

(١) تعظيم قدر الصلاة للمروذي ٨٩٣ .

(٢) تعظيم قدر الصلاة ٨٩٨، ٩٠٠ دەڵێم : لەڕووی سەنەدەوە : يزيد بن أبان الرقاشي لاوازە .

فەرمووی : هەریەک نوێژی عەسر نەکات هەموو کردەوەکانی پووچەڵ دەبێتەوە .[1]

هەروەها المروزي کۆمەڵێک ئەسەری هێناوە لە کۆمەڵێك هاوەڵ وەك:

"عمر بن الخطاب و علي بن أبي طالب و عبدالله بن عباس و عبدالله بن مسعود و أبي الدرداء" ، لەسەر تەکفیری نوێژنەکەر و زەمکردنی و لە دین دەرخستنی.

ئەو باسە کۆدەنگییە، واتە کۆدەنگی هاوەڵان و تابعین و جگە لەوانیش، هەندێک دەڵێن: گەر لە تەمبەڵی نەیکا جۆرێکی تر، وەک بینیمان پێشەوایانی سەلەف ئەو فەرموودانەیان لە چوارچێوەی ڕەددی مورجیئە هێناوەتەوە.

المروذي لە القاسم و، الحسن بن سعد هێناویەتی ، گوتیان: بە إبن مسعود گوترا: الله تبارک وتعالی لە قورئاندا زۆر باسی نوێژ دەکات :

{ الَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلاتِهِمْ دَائِمُونَ } [المعارج: ٢٣]

(١) تعظيم القدر الصلام للمروذي ٩٠٣-٩٠٢ وە الترمذي ٢٦٢٢ وە الحاكم للمستدرك ٧/١ وە الإيمان لإبن أبي شيبة ٤٨ .

{ وَالَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ } [المعارج: ٣٤]

عبدالله گوتی : ئەوە بۆ کاتەکانیەتی ، گوتیان : وامان دەزانی کەوا بۆ وازهێنانیەتی، فەرمووی : وازهێنانی کوفرە .(١)

عَبَّادُ بْنُ مَيْسَرَةَ الْمِنْقَرِيُّ، لە أَبِي قِلَابَةَ وە، ئەویش لە الحسن البصري ـەوە ئەوان کاتێ دانیشتبوون ئەبو قیلابە گوتی : **أَبُو الدَّرْدَاء** گوتی : هەریەك نوێژی عەسر نەکات تاوەکو کاتەکەی نامێنێت بەبێ هیچ عوزرێک؛ ئەوا کردەوەکانی پووچەڵ دەبێتەوە .(٢)

پیاوێک هات بۆ لای **علي بن أبي طالب** لە شوێنێکی فراوان بوو (وەکو حەوشەی مزگەوت) پێیگوت : ئەی پێشەوای باوەڕداران چی

(١) تعظيم قدر الصلاة للمروزي ٦٢ .

(٢) الإيمان لأبو بكر بن أبي شيبة ژمارە ی ئەسەر ٥٠ ، دەڵێم : ئەوە بۆ نەکردنی تەنها یەک نوێژە، وەک لە فەرموودەی أبو المليح بەهەمان شێوە هاتووە نەکردنی یەک نوێژ بێ هیچ بیانوەك کوفرە ، هەروەها لە فەرموودەی إبن عمر رضي الله عنهما کە دەفەرموێ : تەنها فەوتانی نوێژی عەسر وەك لەدەستدانی مالّ و منداڵە .

دەڵێی دەربارەی ئافرەتێک نوێژ ناکات ؟ فەرمووی : هەریەك نوێژ نەکات کافرە .[1]

حوکمی نوێژنەکەر لای پێشەوایانی ئەهلی سوننە :

پێشەوا ئەحمەد دەڵێ : (وَمن ترك الصَّلَاة فقد كفر) (وَلَيْسَ من الْأَعْمَال شَيْء تَركه كفر إِلَّا الصَّلَاة) من تَركهَا فَهُوَ كَافِر وَقد أحل الله قَتله.

واتە: هەریەك واز لەنوێژ بهێنێت ئەوا کافر بووە ، هیچ کردەوەیەک نییە وازی لێ بهێنرێ کوفر بێ تەنیا نوێژ نەبێت ، هەریەک وازی لێبێنیت ئەوا کافرە، الله تبارک وتعالی لەناوبردنی حەڵاڵ کردووە .[2]

وتم : ئەو باسە زۆر زیاتری پێویستە؛ بەڵام تەنها زیاتر ئاماژەم بە لایەنی و حوکمی نەکردنی کرد، هەروەها خستنەڕووی ئەسەر و فەرمودەکان

(١) الإيمان لأبو بكر بن أبي شيبة ژمارە ی ئەسەر ١٢٦ ،لەڕووی سەنەدەوە رجالەکان هەمووی سیقە و متیانەن تەنیا (معقل الخثعمي) نەبێت زەهەبی لە میزان الإعتدال دەڵێ : نەناسروە ، إبن حجر لە تقريب التهذيب دەڵێ : مجهول ، المنذري لە الترغيب والترهيب ٢٦٤/١ هێناویەتی بە حەسەنی داناوە، لە جابریش هاتوە بەڵام لاوازە و، موقوفە .

(٢) أصول السنة ـی پێشەوا ئەحمەد

کەوا هاتوون لەو بارەوە، زیاتریش هەیە؛ بەڵام ئەوە بەسە بۆ یەکێک بیەوێ تێ بگات.

سەبارەت بە ڕۆژوو

پێشەوا **الحميدي** دەڵێ : یەکێک لەوانەی هیچ مەجالی تێدانییە، ڕۆژوو نەگرتنە.

بێگومان ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك بە بەڵگەی قورئان : ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ﴾ . [البقرة : ١٨٣]

بە بەڵگەی فەرموودە : بني الإسلام على خمس .. لەوانە: ڕۆژوو.

بە بەڵگەی کۆدەنگ و ئیجماع : کۆدەنگی هەموو زانایانی لەسەرە کە واجبە.

بەڵام ئەوەی ناکۆکی لەسەرە ئەوەیە: ئەوەی ڕۆژوو ناگرێ لە ڕەمەزان پێی کافر نابێت ، بەڵکو تاوانێکی گەورەیی ئەنجام داوە.

چونکە پێشەوا **ئەحمەد** دەڵێ : (**وَلَيْسَ من الْأَعْمَال شَيْء تَركه كفر إِلَّا الصَّلَاة**) هیچ کردەوەیەك وازهێنانی نابێتە کوفر جگە لە نوێژ نەبێت.

بەو مەرجەی نکوڵی فەرزی واجب بوونی نەکات، چونکە ئەگەر نکوڵی بکات، ئایەت و فەرموودە و کۆدەنگی ڕەت کردوەتەوە.

قال ابنُ عبد البر: (وأجمعت الأمَّةُ ونقلت الكافَّةُ فيمن لم يَصُمْ رَمَضانَ عامدًا وهو مؤمِنٌ بفَرضِه، وإنَّما تركه أشَرًا وبطرًا، تعمَّدَ ذلك ثم تابَ عنه- أنَّ عليه قضاءَه .[1]

قال ابنُ قدامة: (أنَّه متى أفطَرَ بشيءٍ مِن ذلك فعليه القَضاءُ، لا نعيلم في ذلك خلافًا.[2]

قال القرطبي: (وأيضًا فقد اتَّفقْنا أنَّه لو ترك يَومًا مِن رمضانَ متعمِّدًا بغيرِ عُذرٍ؛ لوجَبَ قضاؤُه فكذلك الصَّلاةُ.[3]

باسەکانی تری وەك "حەج و زەکات" هەر خۆی پێشەوا حومەیدی ڕوونی کردوەتەوە ، لەبەرئەوەی باسەکەمان باسی بیروباوەڕە بۆیە ناچمە نێو وردەکاری حەج و زەکات و، لایەنە فیقهیەکانی باس بکەم ، چونکە گەر بمەوێ شیبکەمەوە دەبێ بە تەواوی حەقی خۆی پێ بدەم.

الحمد لله تەواو بووین.

(١) الاستذكار لابن عبد البر (١/ ٧٧).
(٢) المغني لابن قدامة (٣/ ١٣٠).
(٣) تفسير القرطبي (١١/ ١٧٨).

بسم الله الرحمن الرحيم

إجازة في أصول السنة للحُميدي (ت ٢١٩)

فقد أجزت الأستاذ : : بأصول السنة للحميدي.

قلت أنا أبو عبدالله كاروان بن كمال بن إسماعيل بن كريم الكُردي أرويه أصول السنة للإمام الحُميديّ رحمه‌الله إجازة ، عن الشيخ المسند أبي عبد الله الحسني قال : سمعتهاقراءة في مجلس مكة عن المعمر احمد بن أبي بكر الحبشي عن محمد عبد الباقي بن ملا علي الأنصاري(١٢٨٦-١٣٦٤) إجازة ، عن فضل الرحمن بن أهل الله المراد الآبادي (١٣١٣) عن شاه عبدالعزيز بن أحمد الدهلوي (١٢٣٩) عن أبيه ولي الله الدهلوي (١١١٤ - ١١٧٦) عن أبي الطاهر محمد بن إبراهيم بن الحسن الكردي الشهرزوي (١٠٨١ - ١١٤٥) عن محمد بن محمد بن سليمان الروداني المالكي (١٠٣٧ - ١٠٩٤) عن محمد بن بدرالدين البلباني

الصالحي (١٠٨٣) عن الشهاب احمد بن أبي الوفا علي بن إبراهيم المفلحي الشهير بالوفائي (٩٣٤ - ١٠٣٨) وأحمد بن يونس العيثاوي الدمشقي (١٠٢٥) كلاهما عن شمس الدين محمد بن محمد بن علي طولون الصالحي (٨٨٠ - ٩٥٣) عن جمال الدين يوسف بن حسن بن عبدالهادي بن قدامة الدمشقي الشهير بإبن (المبرد) (٨٤٠ - ٩٠٩) عن نورالدين محمد بن إبراهيم الخليلي عن عائشة بنت محمد بن عبدالهادي المقدسية الصالحية (٨١٦-٧٢٣)

عن أبي العباس احمد بن أبي طالب الحجار (٧٣٠) عن طالب عبداللطيف بن أبي الفرج محمد القبيطي (٥٥٤ - ٦٤١) عن أبي المعالي أحمد بن عبدالغني الباجسرائي (٥٦٣) عن أبي منصور محمد بن أحمد بن بن علي الخياط الزاهد (٤٠١- ٤٩٩) عن أنبأنا أبو الطاهر عبدالغفار بن محمد بن جعفر المؤدب (٣٤٥- ٤٢٨) أنبأنا أبو علي محمد بن أحمد بن حسن الصواف (٢٧٠ - ٣٥٩) أنبأنا بشر بن موسى الأسدي (١٩٠ - ٢٨٨) حدثنا الإمام الحجة أبو بكر عبدالله بن الزبير الحميدي (تـ ٢١٩) رحمه الله تعالى.

المجيز : خادم السنة : كاروان بن كمال الكُردي

بسم الله الرحمن الرحيم

به یارمەتی خوای تعالی تەواو بووم لە شیکردنەوە و شرۆڤەی ئەم کتێبە پیرۆزە لە : ٢٠٢٣/٧/٧ ـی زانین ساڵی ١٤٤٤ـی کۆچی.

شەوی هەینییە، دوای کاتژمێر ١١ ـی شەو ، گەرچی بڕیارم دابوو تاوەکو زستان کتێبی تر نەنوسم ، بەڵام نووسین لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووە ، زۆرجار دەڵێی: گەر تا ئەوکات مردن بێتە ڕێمان ، بۆیە دەرفەتی ئێستامان ناخەینە بەیانی...

بەندەی نەزان و گوناهبار:

کاروان کەمال کوردی.

بسم الله الرحمن الرحيم

مۆڵەت پێدانی شەرحی ئەم کتێبە

بەیارمەتی الله عزوجل ئەم پەرتووکە پیرۆزەم شیکردەوە و شرۆڤەکرد و مۆڵەت و ڕێپێدانم دا بە بەو موسڵمانە بەڕێزانە:

برای بەڕێز - خووشکی بەڕێز: عبد الله صادق احمد

داواکارم ببێتە مایەیی سوود و

بەرەکەت بۆی لەدونیاو لە ئاخیرەت

مۆڵەتپێدەر و نوسەری کتێب : کاروان کەمال کوردی

فهرست

پێشەکی ٥
چۆن ڕێگامان لێ ون نەبێت ؟ ٨
چینی یەکەم (هاوەڵان) ١٢
(بەشێک لە ناوی هاوەڵە بەڕێزەکان، یان زانایانی نێو هاوەڵان) ١٤
چینی دووەم و سێیەم سەدەی التابعين (تابعي مؤمن) ١٩
لەنێو زانایانی تابعین لە مەدینە دا: ٢٠
لە نێو زانا و پێشەوا دیارەکانی ئەهلی مەککە : ٢٣
لەزاناو پێشەوایانی ئەهلی شام جەزیرە: ٢٤
ئینجا دوای ئەوان لە گەورە ئەتباعی تابعیندا: ٢٥
لە زانا و پێشەنگەکانی ئەهلی کوفە لە تابعین : ٢٦
لە زانا و پێشەوایانی التابعین لە ئەهلی بەصرە دا: ٢٨
ئینجا دوای ئەوان لە پێشەوا پێشەنگەکانی گەورە أتباع التابعين: ٢٩
لە زانا و پێشەوایانی ئەهلی خوراسان :..... ٣٠
لە زانا و پێشەوایانی سەلەف لە بەغداد :..... ٣٣
{ پوختەیەک لە ژیانی پێشەوا الحميدي } ٣٥
(أصول السنة للحميدي) ٤٠
ناوی کتێب یان نامیلکە (أصول السنة) ٤١
(بڕوابوون بە قەدەر لای سەلەفی ئوممەت) ٤٨

ئەوانەی بڕوایان بەقەدەر نییە یان ڕەتی دەکەنەوە : ٤٩
چۆنیەتی باوەڕهێنان بە قەدەر. ٥١
بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لە بارەی ئیمان ٥٦
ئیمان لای ئەهلی بیدەع و گومڕاکان ٦١
کام لایەن لەسەر حەقە ؟ ٦٧
شێوازی هاتن و گوتنی ئەم دەستەواژە لای سەلەف. ٦٨
بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لە بارەی هاوەڵان ٧٥
خۆشویستنی تێکڕای هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ : ٧٨
باسنەکردنی هاوەڵان بە خەڕاپە ٨١
تانەدان و ناشرین پیشاندانی هاوەڵان ٨٣
هەروەها پێغەمبەر ڕێگری کردووە لە جنێودان پێیان ٨٥
بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لەبارەی قورئان ٨٨
ئەهلی بیدەع و گومڕاکان چی دەڵێن لەسەر قورئان؟ ٩٥
بیروباوەڕی ئەهلی سوننە دەربارەی بینین و سیفات ١٠٠
١ / بینینی خوای تعالی لە ئاخیرەت. ١٠٢
سیفاتەکانی خوای تعالی لەوانە: دەست بۆ الله عزوجل ١٠٨
مکان (حد)، بڕباردانی شوێن بۆ الله عزوجل. ١١٥
حوکمی ئەوانەی پێچەوانەی ئەم بیروباوەڕەن ١٢٧
جیاوازی نێوان خەواریج و ئەهلی سوننە ١٢٨

ئەو شتانەی کەوا خوێن حەڕام دەکەن:.....١٣٧

سەبارەت بەو کەسەی نوێژ ناکات.....١٣٩

سەبارەت بە ڕۆژوو ١٤٦